# JILEMO

## گۆڤارێكی پاژێی هونەرییە

ژمارە(٨)     ساڵی دووەم     هاوینی ١٩٩٩

سەروتار ل٢

داستان   ئاوتۆ شتۆپ ل٣

تەنز   شاعیری گۆڕستان ل٧

وتار   چارلی چاپلن ل١٠
ئەدەبیاتو ئایدیۆلۆژیا ل١٤
بریخت و ستالین ل١٨

هۆنراوە و پەخشان ل٢١
تزار
سەرباز
سێبەری شەڕ و ئاشتی
ممنوع
ساحة الطيران

ڕەخنە   گیرانەوە یا شێواندن ل٢٩

سەرنج و پێشنیاری خوێنەران ل٣٦

گاڵتەوگەپ ل٤٢

سەرگەرمی   خشتەك ل٤٤

تایپ و مۆنتاژ
ئۆژین ئەحمەد

ناونیشانی پۆستی: JILEMO
Postfach 912215
51093 KOELN
GERMANY

پۆستی ئەلەكترۆنی:
jilemo@hotmail.com

ئینتێرنێت :
http://www.jilemo.cjb.net

# ســــــەمـــا

سەما یەکێکـە لـە هونـەرە هـەرە مێژووییـەکان، کـە دەتوانرێـت بێـش لـە شـانوش لەقەڵـەم بدرێت، چونکـە سەرچاوەی ئەم هونەرە، کارکردی ڕووداوەکانی دەوروبەرە لەسـەر دەروونـی مـرۆڤو دەربڕینـی هەسـتو سـۆزی لەشێوەی سەمادا. سەما لەدێرین زەمانەوە تەنیا بریتی نەبووە لەهەسـتی مـرۆڤ بەشـادی، بـەڵکو لـەکاتی دزوارو خەمبارێشدا بەشێوەیەك سەما مرۆڤ هەستی خۆی دەربڕیـوە. سـەما وەك بەشـەکانی تـری هونـەری کەوتوتەبـەر کارایی لێکدانەوەو چونیەتی چێژ وەرگرتنـی چینـەکانی کۆمـەڵ. چینـە سـەرووەرەکان تـەنیا لـەکاتی بێشـوازی و ساڵرۆژەکانو سەرکەرمییاندا، ژێردەستانی خۆیـان کێشـاوەتە بـای سـەماکردنو کرنـوش بـردن بـۆ سـەرووەریان. چێژیان لێ وەرگرتووەو وەردەکرن، بەڵام بە بێچەوانەوە بۆ زۆربەی خەڵك کـە ژێردەسـتەو دامـاڵراون لـەبوونی خۆیان واتایەکیتر دەدات، کە بریتییە لە دەربڕینی هەستو سۆزی مرۆڤانەیان لەکاتی سەرکەوتنو بەدەسـت هێنانی ئامانجو بەیەك ئاشنا بونیان... هتد . ئەم هونەرە خۆرسکە لەکەل بوونی مرۆڤـدا لـەدایك بـووەو کەشـەو داهێنانی بەیوەند بووە بە ململانێو زاڵبوونی فەرهەنکی سەرووەرانەوە، کاتێك دەوڵەتی خوایـی بـەر قـەرار بووبێت قەدەغە کراوەو کاتێکیش دەوڵـەتی دونیـایی بـەر قـەرار بووبێـت ئـەوا سـەرووەران بـەبیانووی باراسـتنی فەرهەنكو کولوتوری نەتەوەیی ڕێکەیان لەکەشە کردنی کرتووەو لە ئاستێکی دیاری کراودا ڕاکیراوەو نەیتوانیوە لەکەل کەشـەو بـەرەو بێش چوونـی ئاسـتی هوشـیاری‌وداخوازی دەروونـی مـرۆڤ بێتـەوە. تێك شـکاندنی ئـەم بەرهەلستەی کونە باریزان تەنیا و تەنیا لە ئەستوی بێشرەوانی بەرەی بێشکەوتوو خـواز دەکـری، بـە داهێنـانو کەشەبێدان نەك بە (تحریمو مقاطعە) کردنی سەمای میللی بە بیانووی ناسیونالیست بوونی ئەم هونەرە.

هونـەری سـەما کـردن بەشـێکە لـە کولتـوری مرۆڤایـەتیو، دەبێـت ببـاریزرێتو، کەشـەی بێبدرێـت. لــەکەل کەرانەوەی ناوەرۆکە مرۆییەکـەی ئـەم هونـەرەش دادەمـاڵرێت لەفەرهـەنکی زاڵی چینـە چەوسـێنەرەکانو، لـە کۆمونەی مرۆڤایەتیدا مرۆڤ بۆ هەمیشە سەما دەکات، بۆ تێر کردنـی ئارەزووەکـانی، نـەوەك سـەرچاوەیـەك بـۆ بەدەست هێنانی بژیو و فرۆشتنی بە خواکانی سەرزەوی بـۆ دامرکانـەوەی ئـالوشو حـەزی شـکوداری چینـە سەرووەرەکان .

# ئـــاوتـــۆ شـــتـــۆپ

## حەمەكاڵ

ماوەیەك لەمەوبەر بە (ئاوتو شتوپ)ویستم، سەفەر بكەم. زور دلنیا نەبووم كە شانس ئـەهینم، هەر بویە ساكیكی چكولەم لەگەل خوم هەلگرتوو و، رویشتم لەدەرەوەی شاری كاسل، لەسەر (ئاوتوبانەكە) بە ئاراستەی فرانكفورت وەستامو دەســـتم كـــرد بەدەســـت داهیـــلان. دوای كاتژیریك چاوەروانی دەست داهیلان، شوفیریك سەیارەكەی لەئاســـــتمدا راگرتو ســـواری كردم، دەستبەجی ووتی:

– بەلام من ناتوانم تا جیگایك كەزورتر شانس ئەهینی هەلتگرمو، لەگەل خوم بتبەم.

منیش ووتم: باشە، پاش چاكوچونی... پرسی:

– خەلكی چ وولاتیكی ؟

ووتم: لەئیرانەوە .

ووتی: منیش لە ئەلمانەوە، بەلام لە نزیكی مەرزی فەرەنسە ژیان ئەكـــەم. هـــەوای لای ئیمـــە گەرمترە لەهی ناوچەی (Hessen)، خەلكی لای ئیمە هەروەكو چون هەوای نـــاوچەكـــەمان گەرمە، گەرمو گورترن لەهی ئیرە.(دوای كەمیك بی دەنگی دووبارە پرسی:

– بوچی بەرەو فرانكفورت دەچی، بولای ژنیكی جوان، یان بەبونەی كارەوە ؟

ووتم: لەراستیدا هەموو كاریكم هەیە، بەلام هەمووی تاقی كردنەوەیە، چون لە هەر باریكـــەوە دەردم گرانەو ژنیكی جوان ئاواتیكی زور گەورەمە.

دوای پازدە دەقیقە پیكەوە بووین، جیگایكی باشی پیم نیشان داو، مال ئاواییمان لیك كردوو و دابەزیم. هەر لەوی راوەستامەوەو،هەمدیسان دەستم داهیلا، تاوەكو كەسیكی دیكە یارمـەتیم بداتو، دریژە بەسەفەرەكەم بدەم. پاش نیو كاتژیر چاوەروانی، شوفیریكی كە منی بیـــنی، زور شلەژاو بە سەیارەكەیەوە وەستاو چوینو چاكیمان لیك كردوو ووتی:

– من ئەتوانم هەر كیلومەتریك لەگەل خوم هەلتگرم، بەلام لە جیگەیەك داتدەبەزینم دلنیابە كە

دانامینی، منیش لەگەلی چوومو ملی ریگەمان گرت پاش کەمیك خاموشی...ووتی:

– خەلك زور ئەترسن، چون مروق کوژان زور ترسیان وەری خستوە، بەلام زور کەس هەن کە گوی نادەنو ریبوار لەگەل خویان هەلدەگرن،(لەگەل قسەکانیدا کەمیك ترسو دوودلی لە روخساریدا بەدی دەکرا). هەروەها ووتی:ــ راستیت ئەویت، من بەبی چاویلکە چاوم باش نابینی، ئیستا چاویلکەکەم لیوون بووەو پیویستمە خەلك لەگەل خوم هەلگرم. تکایە بەلکو تو تابلوکانم بو بخوینەوە. منیش هەر وام کرد. لەگەل ئەویشدا هەرکە کیلومیترەکە تەواو بوو، مالئاوایمان لەیەككردو دووبارە دابەزیم. لەویش بەهەمان شیوە کەوتمەوە دەست داهیلانو چاوەری بووم، تا کەسیکی دیکە پەیدا بیتو دریژە بدەم بە سەفەرەکەم. زور وەستامو وەرس بووبووم. کات بەخیرایی سەیارەکان تیدەپەریو منیش لەشوینی خوم چەقیبووم. لەپر سەیارەیەك، کەزور بەخیرایی تیدەپەری، روخساری پیاویکی زور پەشیوم تیدا دیت، ئەویش کورتە ئاوریکی لەمن دایەوە، بە تەنیشتمدا تیپەریو، پاش نیو خولەك ئاورم لەلای راستم داوە، بینیم، کە ئەو کابرا پەشیوە بەسەیارەکەیەوە راوەستاوەو، سەری لەجامی سەیارەکەیەوە دەرهیناوەو، دەست بو من رائەوەشینی. منیش کە دیم لەسەر من راوەستاوە، بەسەر سورمانەوە، بەراکردن خوم گەیاندە لای.

بە پەلە ووتی:

– سەرکەوە!

منیش بی چەندو چوون، سەرکەووتمو، دەست پیشخەریم کردوو، دوای چونیو چاکی، پرسیم:

– تاکوی لەگەل خوت هەلم دەگری؟

ووتی: هەتا فرانکفورت.

سەیارەکەی باری بوو، باریکی قورسی پی بوو، خوشی زور هیلاك دیار بوو، پاش کەمیك فیکە لیدان، کەدیار بوو، زوری پی خوشبووە، کە هاوریی بو پەیدا بووە. بەخوشحالیەوە ووتی:

–کەتوم بینی، ویستم خیرا بوەستم. بەلام ئیرە ئاوتوبانەو، نەدەکرا واخیرا بوەستم. باش بوو، کەتو لات کردەوە بەلای منداو، زوویش لەیەکتر تیگەیشتینو هاتیت. بەدەربرینیکی ئەلمانی پیی ووتم:

– لەدلە بەخیر بی.

بەم پیشوازیەیە گەرمو گورە زور خوشحال بوومو، دووجار ئاسوودە بووم، یەك بەوەی ئاوا دوستانەو لەناخەوە پیشوازی لی کردمو، دوو ئەوەی کە تا فرانفورت یەکسەرە دەیگەیاندم. پاشان بەجگەرەو ئاوو بری خواردن،دریژەی بەپیشوازییەکەی داو، ووتی:

– ئەم شتانەم پی‌یە، فەرمو مالی خوتە. هیندەی‌تر هەستو سوزی راکیشامو دلخوشی کردم. منیش زور سوپاسم کردوو، ووتم: برسیم نی‌یە، ئارەزووی خواردنم نی‌یە، هەر ئەوەی کە منت لەگەل خوت هەلگرتو، ئاوا دوستانە پیشوازیم دەکەی، بوخوی کاریکی گەورەیەو بەنرخە لەلام، جیگای ریزلی گرتنە. ووتی:ـ راستە، بەلام نەك تەنیا بوتو باشە، بەلکو زورتر سوودی بو خومو ژنو مندالەکانم تیدایە.

زور سەرم سورما لەوەی، کە دەبیت بوچی سوودی ژنو مندالی وی تیدایە، خو ئەوان لەگەلمان نین، یان ئەوەتا مەبەستی بریك پولە، کە دەبیت پی‌ی بدەم. بویە دەست بەجی پرسیم:

– چون، سوودی خوتوو ژنو منالەکانتی تیدایە، کە یارمەتی من بدەیت ؟

لە وەلامداووتی:

– سەیارە لیخورینو زورچوون بەملاو ئەولادا خوشە، بەلام نەك هەموو کاتیكو هەموو مانگیكو هەموو سالیك. من ئەوە بو شەش سال ئەچیت، هامە بان ئەم سەیارەوەو، کار ئەکەمو دیاری کراوە بوم، کە بەتاقی تەنیا لەسەر ئەم سەیارە بمینم. بەلام سەفەریش بەتەنیایی گەر بو یەکجاریش بیت، ئەوا ناخوشە. تا بگات بەوەی هەموو کاتو ساتیکت، وەك ئیستای من بەتاقی تەنیا بو هەموو وولاتیکی ئەورووپایی بار دەبەمو لەگەل تاقە مروقیکیش قسە ناکەم، خەریکە شیت ئەبم، کەسیکی وەکو تو کە یارمەتی ئەویت، لەراستیدا خوی لەخوی‌دا زور

یارمەتی دەرە بو بەرامبەرەکەی. من زور ئەترسم روژیك شیت ببم‌و، ژن‌و مندالەکانم لەدەست بدەم. هەروەها زور ئەترسم، ئەم پاروە نانەی کە بەهوی ئەم سەیارەیەوە بو منالەکانم بە دەستی دینم لەدەستی بدەن. کەمیك راوەستا... هەر وەك بلی‌ی بەدوای ووشەیەکدا گەرابی، ووتی:

– پیت وانەبیت کەمن تەنیا خیرم بەتو کردووە! کارەکەم زور باشە، هەم بو خوم‌و هەم بو کەسانی کە، بەرای من ئەبیت، هەرکەسیك کەیارمەتیەکی لەدەست دیت،دریغی نەکا لەوەی یارمەتی کەسانی دیکە بدات. ئەم یارمەتی‌یە کەمن دەیکەم بە تو، یامەتی‌یە بەخوم‌و ژنەکەم‌و دوو مندالە چکولەکەی خوم، کە لەهەفتەدا تەنیا شەمەو یەك‌شەمە دەیان بینم.

منیش هەروا بەهەڵم زانی‌و هاودەردی خوم دەربری لەدەست ژیانی ئەم روژگارە. قسەکانی تەواو سەرنجیان راکیشابووم، کاتەکە زوو تیپەری‌و گەیشتبووینە قەراخ شار، هەر بویە زور بەپەروشەوە پیم ووت:

– سەفەریکی زور خوشم لەگەل ئیوە کرد، بەلام بەداخەوە بوار نەماوە، تازیاتر بویەکتر دەردی دل بکەین، هەرچەندە دلنیام، ئازارو خەمەکانمان یەك ریشەیان هەیەو، هەر ئاواش خوشی‌یەکانیشمان هاوبەشن، چونکە هەمووومان لەیەك بنەمالەین.

لەناخی دلەوە دەستی دوستانەی یەکدیمان گوشی‌و بەناچاری مالئاواییمان لیك کرد.

بەم جورە سەفەریك کە لە سەرەتاوەوە بەدوو دلی‌و شەرمکردنەوە دەستی پیکرد، بەلام دونیایەك گەشبینی‌و خوشحالی‌و هەست‌و سوزی مرویانەی هاوچینیکی ئالمانی لە دەروونمدا جیهیشت‌و، بەخاتر جەمی کوتایی هات.

**کومەکی هاوری‌یان**

**کولن: نەسرین ع. (١٠ رك کومەك**

**زاد کریم(٢٠ لانە**

# شـــــاعیــری گـۆڕســــــتـــــان

حەمەسەعید حەسەن

**تاسەر نەبوتە گۆ، دە لە دنیا دە تۆ شەقێ**

**هەر ئەو شەقە بەکارە کەوا هەڵدری لەهیچ**

مەحوی

کچە گەورەکەم ئەمە دوو ساڵە پیوەندیی بەئیمەوە نەماوە، لەگەل کوریکدا دەژی، راستە من خوم بە رادیکال دەزانم بەلام ئیمە ئەوروپایی نین‌و کولتورمان جیاوازە، ئیتر توانای بینینی رولی دوراوی خوینشیرینم نەماوە، تو و باوکی کورە ناسیاون، وەك برایەك تکات لی‌دەکەم، بەلکو قایلی بکەی بیتە خوازبینی کچەکەم .

رەحمان تەپەرەشی لەو پیاوانە نەبوو کە پیکەنینیان بەکارەساتی کەسانی دیکە دیت، قسەکانی هاوریکەی بە جوری کاریان لە ناخی کرد، سەرەتا زمانی لە گو کەوت، پاش قەدەری قومیکی لە چایەکەیدا، مژیکی لە جگەرەکەیدا، سەریکی باداو بە حەسرەتەوە گوتی:

ـ کابرایەك سەرنجەداتە ژنەکەی ناساغ دیتە بەرچاو، لیی دەپرسی: ـ ئەوە چییە ئافرەت نەخوشی ؟

ـ گویم سمیوە، ئازارم هەیە .

ـ ئەوی دەبوو لەماڵی باوکت بیسمی، لیرە دەیسمی، ئەوەی دەبوو لیرە بسمری، لە ماڵی باوکت سمرا بوو! رەحمان بروای بەچی هەبوایە ئەوەی دەگوت‌و دەکرد، بەلام کە دیتی هاوریکەی مات‌و سەرسامە، بە مەبەستی دلدانەوەی دریژەی بەقسەکانیدا:

ـ برام لە چیروك‌و فیلمدا رووداوەکان پاش‌و پیش دەخرین بەلام ژیان ماریکە هەمیشە بەرەو پیشەوە دەکشی‌و لەتوانای کەسدا نییە ئاوریکی پی‌بداتەوە. خوازبینی ریورەسمیکی کومەلایەتییە لە روانگەی فورمالیستەکانەوە گرنگە، لای مودیرنیستەکان تاك گرنگە نەك کومەل. وەك دەزانی لە کومەلگای نویدا بەها ماددییەکان جییان بە بەها روحییەکان لیژکردووە، ئیستا ئیدی ئابووری گرنگە نەك کومەلایەتی، لەش نەك روح، خوپەرستی نەك بە تەنگ کەسانی دیکەوە هاتن‌و خزمایەتی، ئیدی سەردەمی کوتایی هاتنی ئایدولوژیا، میژوو، هەموو بەها دیرینە پیروزەکان‌و تەنانەت ئینسانیشە.

**بێ با بەبۆنەی جەژنی نەورۆزۆ**

**دوور لە چاوانی نەیاری هۆزۆ**

فریکەین قاپێ عارەقی ئۆزۆ

خاڵێ ها وەبان گۆنای پیرۆزۆ

وەک شەم دەسووتێ وەنەکەرۆزۆ.

هەندی بیرەوان وەك رەشە خەلکەکە دەپەیقن، ئەم رەحمانەی ئیستا وەك فەیلەسووف دیتەگو، لەدەروازەی بە پینجخشتەکیکردنی فولکلورەوە هاتە ناو جیهانی ئەدەبەوە، بەلام لەماوەیەکی کورتدا ئەسپەشیی قەلەمە سەرکیشەکەی لە لەغاوی فولکلور یاخیبوو:

خالی ها وەبان گۆنای یاروەوە

ئەڵێی پشقلە وەدیوارەوە.

رەحمان چاوی لەو سووکایەتییە نەپوشی کە لە رابردوودا بە ژن کراوە، بویە ئەو دیرە شیعرەی لە بناغەوە هەلتەکاند و بەم جورە دایرشتەوە :

خالی ها وەبان گۆنای جوانەوە

ئەڵێی فیراقە وە زووانەوە .

وای لی هات لە بواری نووسینی شیعردا بو سەر کیلی گلکوی ئازیزان، شانی هیچ شاعیری نەدەگەیشتە داوینی رەحمان:

والی الله ترجع الامور

گۆڕەکەت پڕ بێ لە ڕێحانەو نوور

* * *

بێتاوان کوژرام لەسێو یەکی ئاب

إن ربک شدید العقاب .

* * *

لکم دینکم و لی دینی

لە دنیای ڕۆشن خۆشیم نەبینی.

هەر بویەش یەکیتیی شاعیرانی کورد لە هەندەران لە دوا کونگرەی فراوانیاندا شەرەفی نازناوی (شاعیری گورستان)یان پی بەخشی .
(ئەگەر شورشمان پی نەکری، خو پیمان تیکدەدری. ) رەحمان روژی لە ژیر رەشمالی کاریگەریتی ئەو گوتەیەدا کە گوایە سەریکی زلی کورد کردوویەتی لە بارەگای شاعیران گوتی :

من نەك هەر شیعرم پی دادەنری بەلکو پیشم تیکدەدری، بروانن چیم لەم شیعرەی گوران کردووە:

کوردستان گەڕام

دۆڵاو دۆڵ پێوام

نە لە شارو نە لە دێ

نەمدی هیچ

وەک تۆ جوان بێ

مۆسکۆڤیچ .

لەدوای راپەرینەوە هەندی رەحمان ناو، خوویان دابووە ئەدەب، خەسلەتی هاوبەشی ئەو رەحمانانە ئەوە بوو، یەکی ناوی شاعیریکی گەورەیان لە خویان نابوو، یەکیکیان پەلاماری مام هەژاری دابوو، یەکیکی دیکەیان ماموستا گورانی بەگیر هینابوو. رەحمان تەپەرەشی کە هەمیشە بە ناوی راستەقینەی خویەوە بەرهەمی بلاوکردەوە، لە کوریکدا دەربارەی ئەو جورە رەحمانانە گوتی :

دەرزیکوتی دەناسم لە شورشدا دوکتوریان پی دەگوت، ئەوەندە لیزانە پیویستی بەوە نییە نەخوش ببینی، بە تەلەفون نەخوشی دەستنیشاندەکا، بەپیی بوچوونی مشتومر هەلنەگری ئەو دەرزیکوتە بلیمەتە ئەو کومەلە رەحمانە تووشی گریی کەمسەری بوون .

لە بیرمە بە مندالی کەمخوینیم هەبوو، نوژدار سپلی بزنو جگەری مەری بو نووسیم، تو بلیی دلی گویرەکە و گورچیلەی مانگا چارەسەری نەکەن ؟
درویەکی ئالوز کە ناونیشانی دوا کومەلە هونراوەی رەحمانە لە بەرگەکەی نووسراوە:

( من پیم وایە شتی تازەم پییە بویە دەنووسم، من دەمەوی ئەو شتە نوییانەم بە شیوەیەکی نوی بلیم، ئەوە نییە سەرقالی گەرانم بە دوای زمانیکدا نە زمانی رەشەخەلکەکە بی، نە زمانی ماموستایانی مزگەوتو زانکو. من بو ئەوانە دەنووسم کە نامەکانیان بە شیعرەکانم دەرازیننەوە .
ئەوە نامویی روحی بوو وای لە شاعیری رومانتیك کردبوو پشت بکاتە واقیع، ئەوە نامویی فیکرییە وای لە من کردووە بە گژ واقیعدا بچمەوە. ئەوە دروکردن بوو شەهرەزادی لە مردن قوتارکرد، ئەوە راستیگوتنە دەشی من بە کوشت بدا .
بو ئەوەی نەکەومە زەلکاوەوە، بو خاوین راگرتنی روحی خوم، راستەوخو وەلامی دەستو داوینو دەروونپوخلان نادەمەوە.

☜ ل٤٤

# چارلی چاپلن دژ بە شێوەکاری سەرمایەداریو نازیزمو فاشیزم ڕادەپەڕێ

بریك لەنووسەران ئەم سەدەیە لەرووی هونەرییەوە بەسەدەی سینەما لەقەلـــەم دەدەن، لـــە سەرەتای سالانی(١٩٠٠)دا لە وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، دەستە دەستە خەلكی وولاتـانی جور بەجور روویان كردبووە ئەمریكا بو دابینكردنی ژیانو بەدیهینانی گوزەرانیكی باشتر بـــو خویانو خیزانەكانیان.

ئەو كریكارانـــە لەبەشـــە جیاوازەكـانی پیشەســازیدا كاریـــان دەكـــردو تـــا دوا رادە دەچەوسینرانەوەو زوربەیان كەنەفتو هیـــلاكو مـــاندووی كـــاری ســـەختی شـــەریكەكانی شەمەندەفەرو كارگەكانی چنینو رستنو بیناسازیو بەندەرەكان بوون .

ماندویتی كاری دژواری روژانی هەفتەو دەردی دووریو ژینی تەنهایش بووبـــووە بـــاریكی سەختی تری ژیانیان، ئەم كریكارانە هەریەكە بە زمانیكی جوداو دوورلەیەك قســـەیان دەكـــرد (ئیتالی، پولونی، ئیرلەندی، روسی، چیكی، رومانی...هتد)، بەلام روژانی یەك شەمە زوربـــــەیان دەچوونە سینەماو پیكەوە بەو پەری دلخوشییەوە كودەبوونەوەو ئـــەو روژە هـــەر هـــەموویان گیروگرفتی زمانو لیك تینەگەیشتنیان نەدەما، سینەما دەبووە زمانی هاوبەشـــــییان، پیكـــەوە دەیانداە قاقای پیكەنین، هەر هەموو بەو زمانە قسەیان دەكرد، ئەویش: زمانی سینەمای بیدەنگ بوو ...

یادگاری هەرە مەزنی قولایی میشكو بەرچاوی سینەما دوستانی ئەم ســــەدەیەش فیلمـــەكانی چارلی چاپلن...

وەك ئاشكرایە چارلی هەر ئەكتەریكی سینەمایی بلیمەت نەبوو، بەلكو نووسەرو دەرهینـــــەرو موسیقادانەریكی هەست ناسكو بیر تیژو كارامەو بلیمەتی فیلمەكانیشی بوو .

چارلی هەردەم وەك داهینەریكی مەزن مامەلەی لەگەل سینەمادا دەكرد، بویە هەمیشە لەگەشـــە پیدانو پیشخستنی هونەرەكەیدا بوو و شان بەشانی گەشەكردنی تەكنولوژیا گورانكاری بەســـەر

هونەرەکەیدا دەهیناو زیرەکانە هەموو داهینانیکی دەقوزتەوەو دەیخستە گەر . بو نموونە پـــاش نیشاندانی فیلمە بەناوبانگەکەی (تیشکەکانی شارــCitylights) نزیکەی پینج سال،چـــــارلی هیچ بەرهەمیکی دیکەی دیارنەبوو، ئیدی زور کەس دەیان ووت کەوازی لەسینەما هینـــــاوەو ئەویش وەك زوربەی ئەستیرەکانی دیکەی سینەمایی بیدەنگ خانەنشـــین بـــووەو لـــە ســـینەما دوورکەوتووتەوە .

خوش بەختانە، ئەم بوچوونە بەهەلەدەرچووو ئـــــەوەبوو چـــارلی لـــە (٥ی فیبـــیرووەری ١٩٣٦)دا لەنیوریورك بە( Modern times ــ سەردەمی نوی) هاتەوە مەیدانو ئەم فیلمـــــەی بووە مایەی باسو خواستیکی زورو زەبەندەو دەنگی دایەوە.

چارلی بەم فیلمەی بیری تاساوی ئەو کاتەی ناساندوو بەچەشنی جیاواز جیـــاواز پیشـــوازی لیکرا... هەندیك کەس بەوە تاوانباریان کرد کە ئـــەم فیلمـــەی بریتیـــە لـــەبووچوونیکـــی (بولشەفی)و دژە سەرمایەداری .

کەچی چاپل زور بەهیمنی رایگەیاند: " من لەبیروکەیەکی (مجرد)وە دەستم پیکرد، شـــــتیك کە بەئاسانی باس ناکری، پالی پیوەنام تا بتوانم باس لە (ستانداریزاســـیون–Standarisation ) ی ژیانی ئەم سەردەمەمان بکەم" .

باس لەدیاردەیەکی ژیانی ئەم سەردەمەمان بکەم کەچوون مروقەکان بوونەتە ئامیر(مەکینـــــە). شایانی باسە، چارلی بو دەرهینانی فیلمی (سەردەمی نوی) ناچـــار بـــوو دووشـــانوی تایبـــەتی بەکاربینی.

یەکیکیان بریتی بو لەستودیوکەی کە وەك رووی ناوەوەی کارگەیەك دیکور کراو هەمـــــەجور ئامیرو کەلو پەلی تری کارکردنی تیدابوو .

شانوکەی تریشیان، لەشوینیك دابوو، کەرووبەری نزیکەی دوو هیکتار دەبوو لەدەورووبەری بەندەری (LosAngeles)وەکەبیناکانی گەرەکیکی کریکاری بوونو پینج مانگ تەرخان کرا بو وینەگرتنی ژینی کریکارانی ئەو ناوچەیەو دەرخستنی هەلسوکەوتوو ژینی روژانەیان .

چارلی وەك مروقیکی هەست ناسكو پیشکەوتوو خواز، لە ریگای کومیدیو گالتەجاریەوە

توانی زور بەووردیو بەشیوەیەکی هونەریو ســــەرکەوتوانە، جــەورو ســـتەمی سیســـتەمی سەرمایەداری دەرخات.

چارلی لەم فیلمەیدا زور بەسادەیی توانی ئەوە دەربخــــات کــەئامیرە جیاوازەکــانو هـــەر بەرهەمیکی تەکنولوژی تازە، لەسایەی سەرمایەداریدا نەك هەر نابنە هوی ئاســـانکردنی ژیـــانی کریکاران بەلکو دەبنە ئامرازیکی سەختو دژوارتر کردنی ژیانی کریکاران لەکارگەو شـــەریکە جیاوازەکاندا لەشو لاری کریکارەکان لوول دەدەنو زورجار دەستیان دەهارن .

هەرچەندە هەر داهینانو بەرهەمیکی تازە خوی لەخویدا دەبوایە بەچەشنیك بەکاربهینرایە کــە رەنجو ئەرکی سەختی کاری مروقی کەمتر بکردایەتەوە بەلام لەسایەی ســـەرمایەداریدا ئامـــیرە ـــکانیش دەبنە چاودیریکی بیدەنگو ناقولاو کریکاران ناتوانن بە دەقیقەش راوەستن لــــەکاتی کارەکانیاندا، ناکوکییەکە لەوەدایە کە مەکینەکان زور بەخیرایی کاریان پیدەکریو زورجـــار تاکە کریکاریکیش دەخەنە بەردەم مەکینەیەك کەهەر چەند دەکات فریایی کارەکەی ناکەوی.

وەك لەم فیلمەی چارلیشدا دەردەکەوی؛ (چارلی) کریکار ناچار دەبی بەخویو ســپانەکەیەوە شوینی توونـد کردنەوەی بورخویەك بکەویو شریتی بەر مەکینەکەیش راپیچی دەکاتو ژینیشی دەخاتە بەر مەترسییەوە....

چارلی وەك هونەرمەندیکی ووشیارو ئاگا مامەلەی لەگەل سەردەمەکەیدا دەکردوو هەمیشـــە فیلمەکانی تەرخان کردبوو بو پەردە هەلمالین لەرووی دیاردە دزیوەکانی ئەم ســـــەردەمە، واتـــە سەردەمی سەرمایەداری .

دزیو ترین دیاردەیش کەلەسالانی سییەکاندا هاتە کایەوە، دەسەلاتی فاشیزمی ئیتالیو نازیزمی ئەلمانی بوو ئەم دەسەلاتە درندەیە، سەرمایەداری وەك تاکە ریگایەك بو خو دەربـــازکردن لــــەو ئەزمە قولە ئابووریو کومەلایەتیو سیاسیەی کەتیکەوتبوو سەپاندی بەسەر مروقایەتیدا .

هەر لەو کاتەیشدا لەئەلمانیا نیشاندانی فیلمەکانی چارلی قەدەغەکران.وەلامی چارلی بو هیتلەر، بریتی بوو لە فیلمی (دیکتاتور) ئەم فیلمە لە(١٥ی ئوکتوبەری ١٩٤٠)دا، لەهـــەردوو هـــولی بەناوبانگی ئەو کاتەی نیورك(**Astor** )و(**Capitol**)دا نیشاندرا. شایانی باسە بە ریکەوت

هیتلەریش لەهەمان مانگ‌و هەمان ساڵی لەدایکبوونی چارلی‌دا هاتووتە دنیاوە .

بیجگە لەوەیش سمیلیکی وەك یەکیان هەبوو لەم فیلمەدا چارلی لەهەمان کاتدا دوو رول دەبینێ: رولی سەرتاشیکی‌جوولەکە، کە لەیەکەمین جەنگی جیهانی‌دا بەشداربووەو رولەکەی تریشی بریتی‌یە لە رولی (ئادونوید هینکل)، ئەو ستەم کارەی کە دەساڵ پاش جەنگی جیهانی لە ئەڵمانیا حوکم دەگریتە دەست .

ئەم ساتیرە، فیلمیکی گاڵتەجاریەو دیکتاتور بەزمانیکی وا دەدوی، کەکەس لێی تی‌نا‌گات، زمانی قسەکردنەکەی بریتی‌یە لەتیکەلاویکی زمانی(یەدیش ــ Yiddish)و (کوکنەی‌ــCockney) جوولەکەی ئەڵمانی .

دەرهینانی ئەم فیلمە لە سیبتامبری ١٩٣٩وە دەستی پیکرد واتە شەش روژ پاش دەست پیکردنی دووەمین جەنگی جیهانی‌و لە ژولای (١٩٤٠)دا تەواو بوو، ئەم فیلمە (دوومليون دولاری تی‌چوو .

خەباتی دژە فاشیزم نازیزم بوویە مەسەلەی بنەرەتی ژیانی ئەو کاتەی مروق دژبە ستەمی سیستەمی سەرمایەداری کەئەو شیوە حوکمانەی هینابوویە ئاراوە .

چارلیش بەم کارە مەزنەی توانی بەشیوەیەکی گاڵتەجاری هەم کەسایەتی نزمی هیتلەرو موسولونی دەرخات‌و هەم درندایەتی ئەم سیستەمەیش رسوابکات کە لەریگەی کەسانی وەك ئەوانەوە حوکمی مانو نەمانی سەپاند بەسەر مروقایەتی‌دا .

رووی هەرە دیارو گرنگی فیلمەکانی چارلی، زیندوویەتی هەرگیز نەمری بەرهەمەکانیتی ئیستایش کەتەماشاوان سەیری فیلمەکانی دەکات مووچرکە بەلەشی دادی‌و دەداتە پیکەنین‌و چەندین پرسیار لەمیشکی‌دا قووت دەبنەوە ...

* یەکەم فیلمی سینەمایی لەفەرەنسا، لە(٢٨ی سیبتامبری ١٨٩٥)دا لە شاری لیون(Lyon) نیشاندرا. ئەو روژە تەماشاکەران بە بینینی فیلمی ئەو کریکارانەی کە لە دەرگای کارگەیەکەوە دەهاتنە دەری سەرسام بوون .

Koln ئازاد عەبدوللا 26 .02.99

# ئەدەبیــاتو ئایدیۆلۆژیـــا

**ئیگلتۆن**

فریدریك ئەنگلس لە پەرتووكی « لویدقیك فویرباخو كوتایی فەلسەفەی كلاسیكی ئالمـــانی»دا، (١٨١٨) روونی ئەكاتەوە كەهونەر، زور دەولەمەندترو هەمە لایەن ترە لـــەتیئوری ئـــابوریو رامیاری چونكە كەمتر بەشیوەی ئیدیولوژی پوختە دەخریتە روو. لیرەدا پیویستە مانای دروستی (ئیدیولوژی) لە روانگەی ماركسیزمەوە بەدەست بینین.

ئیدیولوژی لە پلەی یەكەمدا، كومەلە ریساو بوچوون(دكترین) نیە بەلكو ریـــگەی ژیـــانی مروقەكانو رولیان  لە كومەلگەی چینایەتیدا دیاری دەكات.

ئیدیولوژی، ئەرزشو بوچوونو مەهانەیەك بو پەسەندكردنی رولی كومەلایـــەتی مروقـــەكان بەخویان ئەخاتە روو بەم جورە، زانیاری راستەقینە لەبارەی كومەلگەوە، هەروەك یەك گشـــت، بە دەستەوە نادات. لەم تیروانینەوە هونـــراوەی "ســـەر زەمـــین ویـــران"(١)، بەرهـــەمیكی ئیدیولوژیاییە ئەم هونراوە نیشاندەری مروقیكە كە دەیەویت بە شیوەی پیچەوانەی تیگەیشـــتنی (بەروالەت) دروستی  كومەلگەی خوی ـــ ئەو شیوانەی كـــە لـــە دوا لیكدانـــەوەدا پـــوچو دروزنانەن ـــ بە ئەزمونەكانی مانا ببەخشی. هەموو هونەرەكان لە چەمكیكی ئیدیولوژیەوە یـــا بەهرەوەری ئیدیولوژیانەوە لە جیهان، سەرچاوەدەگرن.

هونەریك كە بە تەواوی خالی بیت لەناوەروكی ئیدیولوژیانە پلیخانوف واتەنی، لە بنـــەرەتدا بوونی نیە.

بەلام مەبەستی ئەنگلس ئەوە دەگەینی كە پەیوەندی هونـــەرو ئیدیولـــوژی ئـــالوزترە لـــەو پەیوەندیەی كە لەنیوان تیوری سیاسیو ماف (كە رەنگ دانەوەی راستەوخوی بەرژەوەنـــدی چینی سەرەوە)و ئیدیولوژیدا هەیە، كەواتە مەسەلەكە ئەمەیە كە "پەیوەندی هونەرو ئیدیولـــوژی چونە؟" ئەمە پرسیاریكی سادە نیە. ئەتوانری بەدوو شیوەی سنوور بەزین وەلام  بەم پرســـیارە بدریتەوە: یەكەم ئەوەی كە هونەرو ئەدەبیات بە شتیك بیجگە لە "ئیدیولوژی خراوەروو

لەچوارچیوەی هونەریدا" نەزانین.

(لەسەر بنەمای ئەم تیروانینە، بەرهەمی ئەدەبی تەنیا وینە گرتنەوەی ئیدیولـــوژی ســەردەمی خویانن‌و، زیندانی‌ی "هەستی دروزنانە"ی سەردەمی خویانن‌و توانای تیپــــەر بـــوون لیـــوەی‌و گەیشتنیان بەراستی‌ی‌نیە).

ئەم جورە بەرخوردە بەرهەمی ئەو رەخنە مارکسیستی‌یە نەزانانەیە کە بەرهەمی ئەدەبی سەراپا وەك رەنگدانەوەی ئیدیولوژی‌یە زالەکان لەبەرچاو دەگرن‌و، لەئەنجامدا توانای روونکردنــەوەی ئەم خالەی ‌ی‌یە کە بو ئەدەبیات، لەکردەوەدا، ئەم گشتە لەبەرامبەر گریمانەکانی ئیدیولوژیـــــای سەردەمی خوی رادەوەستی.

بەرخوردی دووەم: ئەوەیە کە باوەری بە بەرامبەرکی یان نەگونجاوی‌یەك لەنیوان ئیدیولوژیاو هونەردا هەیەو بەشیوەیەك بیکەینە بەشیك لە پیناسەی هونەر.

لە روانگەی "ئیرنست فیشەر"( لەپەرتوکی هونەر لەبەرامبەر ئیدیولوژی‌دا)هونەری رەســــەن هەردەم لەسنوورەکانی ئیدیولوژی سەردەمی خوی واوەتر ئەرواتو سەرمان ئەکیشـــــیتە نیـــو واقیعیەتەکان کە ئیدیولوژی لیمانی ئەشاریتەوە.

هەردوو ئەم لیك دانەوانە بە بوچوونی من تەواو سەرپی‌یانەن.

لوئی ئالتوسور بیریاری فەرەنسیـــ پەیوەندی هونەرو ئایدیولوژی بە شیوەیەکی جوانتر (هــەر چەندە تیرو تەسەل‌تر نا) خستوویەتی‌یە بەرباس‌و لیکولینەوە.

ئەو دیاری دەکات کەناتوانری هونـــەر تـــا ئاســـتی ئـــایدیولوژی دابـــەزیندری: هونـــەر پەیوەندی‌یەکی تارادەیەك تایبەتی لەگەل ئیدیولوژی‌دا هەیە . ئایدولوژی، مەهانەیەکی ناروشـــن ئەخاتە روو کەمروقەکان لەسەربنەمای ئەوە (وەلەناویا) جیهانی واقیعی ئەزموون دەکەن.

هونەریش وەها ئەزموونیك پیشکەش بە ئیمەدەکات، لەگەل هەموو ئەمانـــــە، هونــەر زیـــاتر نیشاندەری ژیانە لەهەل‌و مـــەرجیکی تایبـــەت‌دا تـــاوەکو لیکدانـــەوەی هـــوش پەســـەندی هەل‌ومەرجەکە.

لەگەل ئەوەش‌دا، کاری هونەر لەرەنگدانەوەی هەلچوونی‌و ئەو ئەزموونانە هەندیك وادەتر

دەروات. هونەر لەگەل ئەوەشدا کەلەچوارچیوەی ئایدیولوژیدا ئەگونجی هەول ئەدات کە لی ی جیابیتەوەدووری لیوە بگریتو بگاتە خالیك کە بە"هەست"و"دەرك"ی ئایدیولوژی دروســــت کراو خوی توانادارمان کات.

بەم پی‌یە هونەر ئەو زانیاری‌یەی کە ئایدیولوژی لیمانی دەشـــاریتەوە ناخاتـــە بەردەســـتمان، چونکە "ئالتوسەر"واتەێ زانیاری بە تیگەیشتنە ووردەکەی، هەمان ناسینی زانستی‌یەـــ بو نمونـــە لە پەرتووکی سەرمایەدا زیاتر دەتوانری لەبارەی سەرمایەداری‌یەوە شت فیربی تا لە"ژیانی دژوار" بەرهەمی چارلز دیکنزدا. جیاوازی هونەرو زانست لەمەدایی‌یە کەئەم دوو گوتەیە لەگەل بابـــەتی جیاجیا سەروکاریان هەیە، بەلکو جیاوازیان دروست لەوەدایە کە بەشیوەی جوراو جور خــــو لەبابەتیك دەدەن.زانست لەربارەی بابەتیکی دیاری کراوەوە، زانینیکی هوش پەسەندانە بەئیمـــە دەدات بەلام هونەر دەبیتە هوی ئەوەی کە ئەو بابەتە ئەزموون بکەین،وەلەم خالی تیروانینــــەوە هاوشیوەی ئایدیولوژیایە.

لەگەل ئەوەش‌دا، نابیت بەمە بەرتەسکی بکەینەوە: هونەر ئەو توانایەمان دەداتی کەسروشـــتی ئەو ئایدیولوژیایە"بەدی"و بەرەو ناسینی تەواویـــ کەهەمان ناسینی زانستی‌یەـــ بروینە پیش.

ئەوەی کەهونەر چون ئەم کارە ئەنجام دەدات مەسەلەیەکە کەیەکی لە هاوبیرانی ئالتوسەر (پییـــەر ماشەری) بەتەواوی بوی چووە.ئەو لەپەرتووکی" گەران لەتیوری ئافراندنی ئـــەدەبی"دا(١٩٦٦) نیوان چیروكو ئەوەی ئەو بەخوش باوەری دادەنی(چونکە لەروانگەی ئەوەوە ئـــایدیولوژی وەك پیویست شتیکی وانی‌یە) باوەرپی بەهاویری هەیە.

خەیال(وهم)ـــ واتە ئەزموونی ئیدیولوژیکی روژانەی مـــــروقـــ کەرەســـەیەکی ســـەرەتایە کەنووسەر سوودی لی‌وەردەگری، بەلام بە کارکردن لەسەری دەیگوری بەشتیکی‌ترو ســــەرو سیمای پی‌دەدا، هونەر بەدیاری کردنی ئیدیولوژی، بەشیوە پیدانی‌و، گونجاندنی گیانی وی(روح) لەتانو پوی چیروکیك‌دا، ئەتوانی لــــە ئیدیولــــوژی دوور کەویتـــەوەو لەئـــەنجامدا ســـنووررو بەرتەسکی‌یەکانی ئاشکرا بکات بەبروای ماشەری، هونەر بەم کــــارە یارمـــەتیمان دەدات بـــو رزگاربوون لە چنگی خوش باوەری ئیدیولوژیانە. بە بوچونی من لەگەل ئەوەی کە

روونکردنەوەکانی ئالتوسەرو ماشەری لەهەندی روەوە ناروشنن، ئەو پەیوەندی‌یانەی کەئـــەوان لەنیوان هونەرو ئیدیولوژی‌دا پیشنیاری دەکەن تەواو دروستە.

ئیدیولوژی بو هەردووکیان له کومەلەیەکی بی شیوەیی بوچوونو وینە ناجیگیرەکان واوەترە .

ئەم کومەلە لەهەر کومەلگەیەکدا تانو پوو نەزمی دەروونی تایبەتی خوی‌ی هەیەوهەر بـــەهوی بوونی ئەم نەزمە ریژەیی‌یەوە کەئەتوانری ببیتە بابەتی شی‌کردنەوەی زانستی‌یانە.

رەخنەی زانستی‌یانە هەول‌دەدات تا بەرهەمی ئەدەبی لەسەر بنەمای پیك‌هاتە ئیدیولوژی‌یەکەی کە ئەنجامی(تبلور)ە هونەری‌یەکەیەتی روون بکاتەوە. ئەم جورە رەخنەیە هەول دەدات ئـــەوەی هوی هاوبەشی هونەرو ئایدیولوژی‌یە لەهەمان کاتدا جیایی‌یانە لەیەکتر بە دەست بیـــنی . ئەمـــە کاریکە کەلەچەند نمونەیەك لە جوانترین رەخنەی ئەدەبی‌دا ئـــەنجام دراوە. شـــی‌کردنەوەیەکی درەوشاوە کە لینین لە بەرهەمەکانی تولیستوی کردوویەتی، لەراستی‌دا بە رەخنەی بزوتنـــەوەی ماشەری ئەژمیردری. لەگەل ئەمەشدا، گەیشتن بەم جورە رەخنە پایەندی ئەوەیە کە بەرهـــەمی ئەدەبی هەروەك رووبینای شیوەیی (رووبینای فورم پیك هینەر) بدەینە بەر باس‌و بەرلیکولینەوە.

(١)هونراوەی بە ناوبانگی " تی. اس.الیوت " کە بە "هرزئاباد" وەرگیرراوە.

* لە باشکوی زمارە(٦٠)ی سالی نوهەم خولی دووەم فیبریوەری بلاوکراوەی "کارکر سوسیالیست" وەرکیراوە.

# برێخت و ستالین بەشی دووەم

**بیرتولد بریخت لەدوا مانگەکانی ژیانیدا، چوار هونراوەی دژی ستالین نووسی کەتا ماوەیەکی زور کەس ئاگادارنەبوو لی یان، لە "کونفراسی ئەنجومەنی نیونەتەوەیی بریخت"دا کەسالی (١٩٧٩) لە ئەمریکا بەسترا، بیروڕای گشتی ئاگاداری سی لەم هونراوانە بوو.**

**بو یەکەمین جار تەواوی هونراوەکانی کە لەکاتی ژیانیداو دوای مردنیش بلاونەکرابوونەوە، سالی(١٩٨٢) بەدوو کومەلە هونراوە لەئالمان بلاوکرانەوە.**

**سالی (١٩٨٣) جیمزلی لیون لەووتاریکدا لەژیر ناوی "بریخت و ستالین ـ دواین ووتەی شاعیر"، گورانی بوچونەکانی بریخت لەبارەی(ستالین)وە دایە بەر باس و کەوتە لیکدانەوەی چوار هونراوەکەی .**

**ئەوەی لەخوارەوە دەیخوینینەوە وەرگیرانیکی کورتەی ووتارەکەیە.**

**ك. روزدار**

دوای بەستنی کونگرەی بیستەمی پارتی کومونیستی یەکیتی سوفیەت لەسالی(١٩٥٦)داو پەردە هەلمالینەکانی خروشچوف لەبارەی ستالین. بریخت، لەژیر فشاری لیدانیکی توندی روحی لەم پەردە هەلمالینەوە، کەوتە دووبارە هەلسەنگاندنی ئەندیشەکانی خوی لەبارەی ستالینەوە. بە جوریك کە لەوە بەدواوە، لەناو کومەلی دوستانیدا ئەوی بە "جەلادی شیاوی گەل" ناو دەبرد.

بریخت لەسالەکانی (١٩٣٢، ١٩٣٥، ١٩٤١و١٩٥٥سەردانی یەکیتی سوفیەتی کرد. ئەو سەردانیانە لەودا کارایی پوزەتیفیان دانا. بەلام لەبارەی خودی ستالین تەنانەت پیش بەستنی کونگرەی بیستەم، بوچونەکانی تەنیا پوزەتیف نەبوون و لەگەل ئەوەی ستالینی بە نمایانی هیوای چەوساوەکان دەزانی، بەلام کیشی کەسایەتی ستالین و خوبە زلگرتنی وی دەدایە بەر رەخنە.

رەنگدانەوەی ئەم رەخنانە لەهەندیك لەبەرهەمەکانی بریختدا ئەتوانری بەدی بکری. بو نموونە لەکورتە "کوپلەی" ریزگرتن لە (NE.EN ـ ستالین)، لە پەرتوکی داستانەکانی می تی (ME- TI )، بو بریخت سوود بەخشی ستالین گرنگە: می تی ووتی: (هەندیك باوەریان وایە کە نی ـ ئین (ستالین) لە هەندی کاردا مروقی بەسوودە، ئەم بابەتە بو ئەوانە زور گرنگە، هەندیکی تر پییان وایە کە ئەو مروقیکی بی وینەیەگەورەترین مروقە، وەکو خوایە.

وە لەوانەیە ئەم بابەتە بۆ دەستەیدووەم، ئەو گرنگی‌یەی وەك بابەتی یەكەم بـــو دەســـتەی یەكەم هەیەتی). ئەم هونراوانە پەیوەندیەكی نەپساویان پیكەوە هەیە. بریخت لـــەم هونراوانـــەدا درندەیی‌و كیشی كەسایەتی‌و بەرزكردنەوەی ستالین تا پلەی خوایی وەبەر هیرشـــی رەخنـــەكانی خوی دەدات.

ئەو لایەنگرانی ستالین تائاستی "پەرستیاران" دەهینیتە خوارەوەو رولیان لەم بوارەدا نیگەتیـــڤ دەبینی .

ستالین بە تزار بەراوورد دەكات. وەنازناوو ناونیشان گەلیك كە "پیاهـــــەلدەرانی" بـــەویان دابوو: "خوری گەلان"، "فیرگەری گەورەیی جیهان"، "هوشمەند"و "شاگردی لینین" وەبەر تانـــە دەدات.

لە هونراوەی دووەمدا "ئامیرەكان"، كە نیشاندەری پیشەسازی بوونەوەی وولاتـــی ســـوڤیەتە. وەمەبەست لە "سەركەوتنی درەوشاوە" سەركەوتنە بەسەر فاشیزمدا.

وەئەوەی‌كە هەردووكیان بە دەسكەوت‌و خزمە گوزاری ستالین زانراوون. بریخت بە پشـــت بەستن بە پەردە هەڵمالینەكانی كونگرەی بیستەم، ئەم بەناو خزمەتانە دەخاتە ژیـــر پرســـیارەوە. چونكە لەم كونگرەدا، خروشخوف، ستالین بەسەپاندنو درندەیی‌و توندو تیـــژی نـــەك تـــەنیا ریگری گەورە لەریی رابەری لی‌زانانەی جەنگی یەكیتی سوڤیەتی‌دا بـــوو، بـــەلكو ریـــگری گەورەی پیشكەوتنی كومەلایەتی‌و پیشەسازی‌و ئابوری وولاتدیش بوو . لە بەشـــی یەكـــەمی هونراوەی چوارەمدا، بریخت پەنجە بو تیئوری زانای ژنتیكی سوڤیەتی لیســـنكو(LYSSNKO ) رادەكیشی.

كە بەپی تیروانینی ئەو هەولیان دەدەن لە ناو ناوچەساردەكانی سیبیریا، گەنم بەرهەم بینن.

لیرەدا جاریكی‌تر بابەتیك دووبارە دیتە گوری كە لەیـــەكی لـــە هونراوەكـــانی پیشـــووی‌دا بەناوی"پەروەردە كردنی هەرزن" پیشتر پیشنیاركرابوو لەوی‌دا بریخـــت ریـــز لەهەولـــەكانی لیسنكو دەگری.

لیسنکو هەولی دەدا تەواوی لیکولینەوەکانی خوی لەبواری ژنتیکدا لەگەل بوچوونە تەسك بینەکانی ستالین لەربارەی زانستەوە بگونجینی. کەلەم رووەوە لیکولینەوەکانی سوڤیەت لـــەبواری ژنتیکدا دەیان سال دواکەوتن. ئایا بریخت کاتیك هونــــراوەی چـــوارەم لەســـالی (١٩٥٦) ئەهونیتەوە لەتەواوی ئەم مەسەلانە ئاگاداربوو؟ بەهەر حال لیسنکو لیرەدا نوینەرو رەمزی یەکی لەکەسە مل کەچەکانە. بریخت لەم هونراوەدا، سەرنج بو ئەم خالە رادەکیشی کە بوکاریکی وا، نەتەنیا یەك لیکولەرەوە، بەلکو لیکولەرو شارەزایانی زور پیویستن بەواتایەکی‌تر، بو بنیات نـــانی کومەلگەیەکی سوسیالیستی پیویستی بە هاوکاریو یارمەتی جەماوەری خەلك تویژەکـــانی گەل هەیە . وەلە بەشی دووەمی ئەم هونراوەدا، مەبەستی بریخت لە بەکارهینانی واژەی ئامار پشـــت بەستنە بەو ووتەیەی خروشچوف کە ستالین دەیووت: بە تەنیایی ئەتوانی هـــەموو بریارەکـــانی بداتو تەنیا پیویستی بەئامارگیران هەیە.

بریخت ئەم ووتەیەی ستالین بەم جورە دەداتە بەرتانە کەبە دژی خودی ئەو بەکاری دەبـــاتو رای دەگەینی کە "کەسەکانی ژیر سایەی رابەری" لاین‌کەم بوونیان بەهوی ئامـــارەوە هەســـت پی‌دەکریو دەبیندرین.

وەئەوە جەماوەری خەلکن کەلە واقیعدا لەم بارەوە کە دەبیت چی‌بکریت، بە هەنگاونان یان هەنگاونەنانیان، بریار ئەدەن نەیەك کەس بەتەنیا.

*****

# تــــــــزار

بیرتولد بریخت

لەگەڵ وان
بە زاری تفەنگو قامچی
لەیەکشەممەی خوێنینا
دووا بوو.
پاشان
لەگەڵ وان
بەزمانی تفەنگو قامچی
گشت ڕۆژانی هەفتە
گشت ڕۆژانی کار
جەلادی شیاوی گەل
دووا.
خۆری گەلان
پەرستیارانی خۆی سووتان.
فێرگەری گەورەی جیهان
مانیفێستی کۆمۆنیستی فەرامۆش کرد.
هوشمەندترین شاگردی لینین
مستی کوتایە ناودەمی وی
لە لاوییا کارامەو چالاک بوو،
بەڵام لە پیرییا بێ بەزەیی
ئەوەی ببێتە خوا
گەوج ئەبێ .

*****

تای تەرازوو لارە سەنگە
لە تای تری تەرازووا،
هوشیاری
دائەنێن،
وەک سەنگی پێویست، بۆ هاوتایی،
دڵ ڕەقی
ئەخەنە سەری.
پەرستیاران لەخۆ دەپرسن:
چی هەڵە بوو ؟
خوا ؟ یان نزا ؟
ئەی ئامێرەکان؟
ئەی سەرکەوتنی درەخشان
ئەی ساوای بێ نان ؟
ئەی هاواری ترسی نەبیستراوی
هاوڕێیانی لەخوێنا گەوزاو؟
ئەوەی کە فەرمانی گشت شتێکی دا.
گشت کارەکانی ڕانەپەڕان.
بەڵێنی سێویان دابوو
بەڵام هەتا هەواڵێ لە نان نییە.
*****
خوا لە بۆگەن بووندایە.
پەرستیاران

ئاوا بەتام
لەسنگ دەدەن
هەروەک لەسمتی ژنانیان.

*****

بۆ کشتی گەنمی زستانی
شارەزای زۆر بەکار دەگرن
ئایا دەبێت بینای سۆشیالیزم
بەهۆی هەندێکەوە
لە تاریکیدا
لەسەر یەک دانری ؟
ئایا ڕابەر
مرۆڤەکانی ژێر سایەی خۆی
لەگەڵ خۆی دەکێشێتە لوتکەیەک
کە تەنیا خۆی دەیناسێ ؟
مرۆکانی ژێر ڕابەری
لانیکەم بە هۆی ئامار
ڕابەری دەکەن،
بەم ڕێگەیە
یان خۆ دەست بەکاردەبن،
وە یا مۆڵەتی ئەوە دەدەن.

لیرەدا مەبەستمان هەلسەنگاندنی میژوويی ستالین نیيەو بەهوی ونبوونی فاکتەکانە وە، ناتوانری بەم کارە هەستین. بەلام دەبیت ئوتوریتەی ئەو بەخاتری قەرەبووکردنی زیانەکانی ئولگو بوونی ئەو، لەناو ببریت. و. فارسی

# "سەرباز "

لەسەر شانۆی کۆیلەتی
سنگی سپارتاکوست،هەڵدڕی
ختوکەتدا، دڕندەیی کۆیلەدار
بازنەیەکیترت خستە سەر،
زنجیری دەست و پێت ؛
تا پڕ ڕەونەق بێت، باجوبازار.
* * * * *
کێشکت کێشا
لەبەر هەیوانی دیواخان
تا بلەوەڕێ ،
ئەژدیهای هەزار سەر؛
لە کاسە سەری منداڵان.
* * * * *
کیژۆڵەکەشت وەک کنیزەک،
نایە باوەشی کوڕە ئاغا
تا کەڵبە ژەنێتە، سۆزی؛
دامرکێنێ ئالۆشی شەوان .
* * * * *
بۆ سەروەری قامچی بەدەست
یەکێتی گەل و نیشتمان؛
کۆمۆنەت جوانە مەرگ..
لە خوێناوا گەوزان.
* * * * *
داستان دوای داستان
گەرماوی گازو،
ژاراو باران.
تا ببیتە قارەمان
لە پێشبرکێی کارا
تا وا بوویتە،
هاونیشتمانی گێل و نەزان.
زاری ١٩٩٧

# سێبەری شەڕو ئاشتی

چیت دەستکەوتە !
لە مەیدانی شەڕا ..
کاتێ دەگری ،
کاتێ دەکوژی ؛
کاتێ دەمری ؛
کاتێ کرنووش دەبەی ؛
دەستو پێ..
بۆ خاوەنەکەت هەڵدەبڕی
ئەی سەربازی شەترەنج ؟

*     *     *

چیت دستکەوتە !
کاتی ئاشتی
لە کارگە ژین فرۆش ،
لە شەقاما ماڵ بەکۆڵ ؛
لە نیشتمانا ئاوارە ؛
لە نێو ماڵ زیندانی ؛
لە زیندانا پاسەوان ؛
یان جەلادی
قامچی هەڵئەبڕی ؟

*     *     *

چیت دەستکەوتە !
کاتێ بەدەست
لافیتەی سپی هەڵئەگرِی
لە بەردەم ،
کۆترۆکەی ئاشتیدا
کرنووش دەبەی ..
بژی ئاشتی بژی ئاشتی ،
دەنگ هەڵئەبرِی ؟
* * *
چیت دەستکەوتە !
کاتێ لە دادگەی
ئاشتیو یەکسانییا..
بۆ ئەوانەی بە دزی
سەیری مانگەشەو دەکەن ؛
بەزکی تێرو پیری ئاسوودەوە
خەون دەبینن ؛
یا ئەوانەی بۆ منالآن
باسی عیشق دەکەن ،
-دەرویێش ئاسا دەستەوداوێن
بە ئاوازێکی دادیار لاوێن-
..خوازیاری گوللەبارانی، خۆتی ؟

ئاپە ــ پوشپەری ١٩٩٤

# " ممنوع "

ريام سعيد

لا يُسْمَحُ لنا أن نلتقي عند ذاكرة نهر قتيل
من الهول لاتقدر فيها المقادير
ولكن هل كان في النوارس تحت الجسر
سماءُنا المقلوبة
وهل تضمحلُ لك الامواج بعد زوالها
فمن يُكيْلُ لك المدح غير التراب لا اعرف
فمنذُ قرون هربت القسمات من وجهي
امسيت اختفي خلف متاريس شجوني
وانها الفرص المميتة دوني
ولكن.....امازالت تلكم الفرص !!
ولكني
لااستطيع لُقياك بعد الان في حدائق مُحْترقة
الا تحسب مثلي كم أَلْفنا البحث عنا
وانت تقترح الفرص المميتة
وانت تجترح الفرص المميتة عنا . !
دوور

# "ساحة الطيران"

رياح سعيد

من اين تأتي "الكأبة" اللعوب بالانهار
محطات الانتظار مزدانة بالخيبةِ
لاباص تجاس في حقيبة الموعد
وماذا تحصي !
لايوجد لدينا لاتخلة ولاازهار
ارصفة وباعة فواجع
تنمو أيام الطحلب فيك
وهل تمسح عن جبهة الساحة الغيار !
وقفاً تسيلُ على حذائكُ الاسمنت
من قال ان "السيكارة" وحدها لملك لديك
ومن كان في الساحة قبلك يروم الطيران
اخيراً تطلق على ظلك الحاضر
رشقة نارْ

# گێڕانـــــەوە یان شێوانـــــدن

پە

کاتێك نووسەر یان هونەرمەند، بە نووسینی یان دەرهێنـــانی بابــەتێکی ئـــەدەبیو هونـــەری هەلدەستی، پیش هەموو شتیك ئەو بەشەی کومەلی لە بەرچاوە، کە رووی دەمیان تیدەکـــات. ئەوسا نەخشاندنو رەنگ پیدانەوەی ئایدولوجیای خوی لە بابەتەکەداو، ئاراستە کـــردنی بـــە شیوەیەکی شیاو.

دیارە هەر کەسیك لە روانگەی خویەوە دەنووسیو، هەر کەسیش لە روانگەی خویەوە رەخنە دەگری. ئەمەش ئاساییو سروشتییە، ئەوەی ئەوەی سروشتی نەبیت، بـــــەکارهینانی هەســـتو سوزی مروق دوستانەیە بو خستنە ژیرکارایی ئایدیولوژیای خوو بەلاری بردنی سەرنجەکانو لیـلی کردنی چاوی خوینەر بەرامبەر واقیعی ژیانی خوی. کەئەمەش پەیامی هونەرو ئەدەبی دژی مـرویی بورژوازییە، ئیتر لەهەر سەروسیمایەکدا بیتو بەهەر زمانی بدوی، نووسەریش بـــەچونیـــەتی لەدەرگادانی واقیعیەتەکانو رەنگ دانەوەی رەخنەو پەیامەکەی، لە چـــوارچیـــوەی ئـــاواتو ئارەزووی چەوساوەکاندا، دوورو نزیکی خوی لەخولکردنە چاوی جەماوەر دیاری دەکات.

نووسەرو هونەرمەند بو ئەوەی لەسەردەی خویاندا بژینو، هاوسەردەمیانی لەگەلیدا بژیـــــن، لانیکەم پیویستە واقیع گەرابیت گەر رەخنەگرو شورشگیر نەبیت!

هەروەها پەنجەراکیشان بو هەر مەسەلەیەكو خستنەرووی، ناکاتە رەخنە لیگرتن بەلکو زورجــار خوش باوەری دروست دەکات یان دەبیتە گلەیییەکی دل رەنجاوانە.

ئەوەی لیرەدا دەمەوی لیوەی بدویمو بیکەم، روشنایی خستنەسەر ناوەروکی (نـــەك لایەنـــە هونەریەکانی نووسین) نووسینیکی نەجمەدینـــ پشکو بەناوی (گیرانەوەی یادوەریـــەکان)، کـــە لەژمارە(١٤)ی مانگانەی پەیام نەوروزی ٢٦٩٨ـــ ٢٦٩٩دا بلاوکراوەتەوە.

نووسەر هەرلەسەرەتای بەسەرهاتەکەوە نەیتوانیوە ئەو واقیعەتەی بووەو هەیە لەناو بابەتەکـەدا رەنگی پی بداتەوە، بویە کەسایەتییەکانی هەر زوو دەستەو داوینی خەیالو، ناچار بە چوونە

دەرەوە لەسەر شانو واقیع دەبن، بیرکردنەوەو ئارەزووەکانیان لەنیو بازنەی خەرمانەی پــیروزی مەزهەبیدا دەستەمو دەبن. نووسەر کەلە بەســـەرهاتەکەی دەمـــی منالیکـــەوە دەیگیریتـــەوە، نەیتوانیوە لەشیوە ساکاری‌یە منالانەیی‌یەکەوە بەگوی ماندا بداتو چرپـــە نەبیســـتراوەکانی دلی منالانی هەلبجەمان بەگوی‌دا بچرپینی . لەبەر ئەوەی کەنەیتوانیوە بیرو تیروانینی خوی بەزمانیکی ساکارو سادەی منالان دەربری‌و لەباشترین حالەتدا پەنای بردووتە بەر خەرمانـــەی پـــیروزی مەزهەبیانەو تا ئەو رادەیـــەی کەمنالەکـــەی خســـتووە دنیـــای داخـــراوی گوشـــەگیری‌و نائومیدی‌یەوە.

بەسەوزکردنی بیرکردنەوەی ئایدیالیستانە لەبارەی مردنەوە لەناخی خوینـــەرە بچوکـــەکاندا هەولەکانی نووسەری کال کردوەتەوە کە ویستویەتی هیلی بکیشی لەنیوان واقیع‌و ئایدایـــلیزمدا ئەوەتا نووسەر لەسەرەتای بەسەرهاتەوە باوك دەکاتە ئەو شەهیدە مەزهەبی‌یەی کەدوای مـــردن هەمیشە زیندووەو هیندە بەختەوەرەو، دەبیت ئیمە ئیرەیی پی بەرین.

(ئەگەر ئیرە شوینی خەوتنی باوکت نەبوایە، ئەم درەختە لەژیر بالی گەلاو گولدا، سال دوانـــزە مانگ نە دەلەنگا، چوار وەرزی سال سەوز نەدەبوو، نەدەبووە موعجیزەی شار ...).

راستی‌یەکەی گەورەترین گیروگرفتی خەلك کە کارایی‌یەکی گەورەی تائیستا لەسەر دەروونی خەلکی هەلەبجە داناوە، ئەوەیە کە شوینی ئەوانەی کە بەکومەل نیژراون دیاری نی‌یەو زورکـــەس دلەراوکی‌یانە لەنیوان مەرگ‌و زیندوو بوونی ئەو خەلکەدا.

نووسەر بەم سەرەتایی‌یە دەمانگیریتەوە بو سەردەمی پیشرووداوەکانی کورپەلەیی منالەکە، لەنیو زگی دایکی‌داو چواندنی زگی دایك بە زیندانیك‌و دونیابە زالمیك

(دیوارەکانی زیندانە چکولەکەمم وەبەر پیلەقەو مشتەکولە دەدا ./ من لەو دنیـــا چکلـــەو ئارامەدا، .. من لەویشرا هەستم بەزالمی ئەم دنیایە دەکرد. من لەو زیندانەی خومدا هەســـتم بەبوونی خوم ./ من لەویدا پیویستم بەهیچ نەبوو. نەجلو بەرگ‌و پیـــلاو، نەدەفتـــەرو / نەئیرەیم بەکەس دەبردو .

ئایا ئەمە رەش بینی نووسەر نی‌یە، مانەوەو لەدایك نەبوونی باشتر لەدەورووبەرەکەی بزانی.

پیش هەموو شتیك نەمنالدان زیندانەو نە دونیاش زالم، نەلە زیندانیشدا بوونو سەربەستی مانایـلن هەیە.

ئەمە بوخوی نیشانەی نائومیدی نووسەرە کەلە ئەنجامی تیکشکانی بزووتنەوەیەکە کە نووسەر هیواکانی خوی پیوە هەلواسی بوو. نەبوونی چەكو سەنگەریکی شورشگیرانە بـــو رووبـــەروو بوونەوەو کوتایي هینان بەزالم بوونی ئەو دونیایەی کەساواکان لی‌ی دەترسن لەلای نووسەر بوەتە هوی رەشبینیو چینە لەشەوەزەنگدا.

(بابە لەباخچەکەدا، ئاوی گولەکانی دەدیرا./ کولان جمەی دەهاتو دەنگە دەنـــگو هـــاتو هاواریکی نائاشنا دەبیسترا./ خەلکانیکی ناموو نەناسراو لەشار وەربووبوون.)

نووسەر لەزور شوینـدا خوی‌لاداوە لەوەی هەندی واقیع بداتە بەر رەخنەو ئەو منالە بی‌نـــازە فیری گەران بەدوای راستی‌یەکاندا بکات . ئەوەتا ئەو باوکەی کـــەتا دوینـــی چـــاو ســـاغی قارەمانەکانی گەلو نیشتیمان بوو، ئیستا لەحەوشەکەدا گول ئاودەدات، تەنانـــەت سەریشـــی ناکیشیتە کولان تا بزانی چ باسە.

نووسەر بەئاشکرا خوی لەدرکاندی راستی لاداوەو لەکوتای‌دا دەردەکەوی بەلاری‌دا دەمـلن بات.

نووسەر بو باوکی نەکردە نموونەی رووبەرووبوونەوەی خەلكو بەکری گیراوانی ئیران. کەم نەبوون ئەو خەلکانەی کەبەهەمان چاو سەیری پیشمەرگەو پاســـدارو جـــاشو عەســـکەریان دەکردو، لەو روژەدا بیزاریان دەردەبری.

نووسەر ئاشناکانی کردوەتە نائاشنا، کوا نائاشـــنا بـــوون، دوســـتەکانی‌گەلو نیشـــتیمان، پیشتیوانانی هەژارانی جیهان!! نائاشناکان پیش دەنگی خویان لە سالانی ١٩٨١وە دەنگی توپـــە دوورهاویژ کانیان بە گویمان ئاشنابوو، ناموکان پیش بینیی رووخساری خویان گـولە تـــوپو راجمەیان کردە دیاریي‌مان، شەش مانگ پیش گرتنی هەلەبجە شەوانە کولان کولانی هەلەبجەیان دەپیواو نەخشـــە گلاوەکانیـــان دادەریـــژا. داوەتو میـــوانی دەکـــران لەلایـــەن ســـەروك عەشیرەتەکانەوە، لەمولگەی (الفرسان صلاح‌الدین) چەکدارە شورشگیرەکاندا!! شەوانە لەگەل

سەرانی سوپای عیراقی مامەڵەی کرین‌و فروشتنی هەلەبجەیان دەکرد. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەو چەکدارە ریشن‌و وەحشیانەو دەنگە نائاشناکان کوورپەڵەکانی سەرسام نەکردووەو نەیترساندوون‌و بەردوخولی مالیینەکەیان بەسەر یەکدا نەرووخاوە. تو بلی ئەو دیمەنە نائاساییەی سەربازو جاش‌و پیشمەرگەو پاسدار لە بیرەوەری ساواکانی هەلەبجەدا تومار نەبووبی؟ نووسەر بەرادەیەك خوی لەبی ئاگایی داوە ئەلی نووسەریکی سویدی‌یەو ئاگای لی‌نی‌یە کە نیشتیمان پەروەرە ریشن‌و چلکنەکان، لەپیش دەنگە نائاشناکانە. ئەوان بوون هەلەبجەیان کردە سوورانەی شەری دەسالەی نیوان عیراق‌و ئیران‌و، خرایە باوەش بی بەزەیی گورگە هارەکان.

(لەپر بابە بەرەو شار بەراکردن گەرایەوە.)

نووسەر نیشانی نەداوە بابە بو گەرایەوە ناو شار، بو ئەوەی شان بە شانی ئەو هاوری پاسدارانە بجەنگی! یان هەلویستی مروقانە پالی پیوەناو بچی دایك‌و بابە پیرەکەی یان دراوسی نەخوشەکەی رزگاربکات ؟

(تو ئەگەر زیندوویش بی‌و لەزیندانیکی زور لەمەی ئیستات تەنگترو تاریکتردا زیندانی کرابی، دیسانەوە لەگەیشتنی دەنگم دلنیام!)

دیسانەوە نەیتوانیوە واقیعەتی زیندان وەك خوی نیشان بدات لەلایەك سەربەستی مروق دەپاریزی‌و لەلایەك دەنگ‌و چرپەی منالانی بی‌نازو لەدایك بووی جەنگەل‌و تاریکستانی دەگاتی. ئاخو لە خەویشدا زیندانی‌یە عیراقی‌یەکان وەها زیندانیکیان بینیی‌بی، کەچرپەی دلی کچە میرد منالیکی پی بگات؟! منالەکە گریمانەی زیندانی بوون بابی ناتوانی ساتی ئارامی پی ببەخشی و دەگەریتەوە سەر گورستان‌و ئیرەیی بەو دونیا دەبات‌و دلنەوای خوی دەداتەوە کە :

(تو دەبی ئیستا لەکام دونیادا بی؟ ئەگەر لەو دنیایەدا بی کەماموستای ئایین .، ئیتر دەشی تو لەهەموومان بەختەوەرتر بی‌و ئیمە خوزگەت پی بخوازین! / " لەوی نەکەسیك هەژارەو نەکەسیش پارەدا . )

رەش بینی لەمە رەش بین تر ؟ نووسەر بەدەمی ماموستای ئاینەوە دەست دەکاتە چەواشەکاری‌و ئەو دونیایەی کەماموستای ئاین باسی دەکا، جوانتر دەکات‌و ئەوەی کە

ماموستاو مەلاکانی ئاین ناتوانن بە ئاشکرا باسی بکەن، نووسەر واوەتر دەرواتو، باوەرەکانی ئیسلامیش دەشیوینی.

چونکە لەو دونیا ئەفسانەیەدا زور کوشك لووتیان لەئاسماندا چەقیوە. مەگەر ئەمە بەڵینی خوا نیە بو "تقوا"کەران. هەروەها

لەدەمی بابە گەورە دەڵی:

("جەنگ بابەی لی رفاندین‌وئازادیش دەستی لەگەرووەمان گیرکردووە!" وای لەجەنگو لەئازادی پر لەجەنگ، )

ئاخو لەچ کاتو لەچ قوناغیکدا ئازادی دەست لەگەرووی خەلك ناوە، بیجگە لەم سەردەمە ئاوەژووەی کە نووسەر تیدا دەژیو، گورینی خودەی سەربازی بەجەمەدانیو جل‌وبەرگی بەلەکی بە رانكو چوخو شال، پوستال بە کلاشی ژیر پەرو لیبووە بە ئازادیو، حوکمرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی لەجی بەعسی ناسیونالیستو بورژوازی کورد لەجیی بورژوازی عەرەبی لیبووەتە ئازادی بە جەنگ!!

لەدەمی پورە خەجی‌وە دەڵی:

(دەزانی رولە گیان! ساڵەکانی پاش ئەنفالو ژەهر باران، ساڵەکانی پاش راپەرینو بەئازادی هەناسەدان، چون جیگورکییان پیکردین !)

لیرەدا نووسەر نزیك بوەتەوە لەگەیاندنی مەبەست، بو ئەوەی خوی رزگاربکات لەو پرسیارانەی کە قوت دەبنەوە لەبەردەمی‌دا، ساڵەکانی دوای ئەنفالو کیمیابارانو ساڵەکانی دوای پاش راپەرینو تیرورو رەشەکوژی ژنان، تیکەڵو پیکەڵ دەکات.

وەك بلیی جەماوەر لەدەرەوەی شانوی رووداوەکاندابووەو هەمیشە چاوەریی محەمەدی مەهدی بووبی. لەم بەشە دیارکراوە زەمەنیەدا، عیراقو کوردستان ئاڵوگورو رووداویان، بەخوەبینیو جەماوەریش ئاگایی بەدەست هینا.

کەئەمەش بەرهەمی وەستانی شەری عیراق ـ ئیرانو، دەرکەوتنی ئەنجامەکانی شکستی بزووتنەوەی چەکداری شاخەکانو بارگەو بنەوان پیچانەوە بەرەو هەندەرانو ! (هەڵبەتە

هەندەران بەنسبەت بزووتنەوەی ناسیونالیستی‌یەوە مانای دەدات ) راپەرینی خەلك لـــەدەرەوەی بەرنامەو نەخشەكانی بەرەی كوردستانی‌و ئەمریكاو "ریكەوتنەكانی بەینی بەرەو رژیم پاش‌و پیشـــ شەری كەنداو" پاشان پاشەكشی پی‌كردنی بـــــەرەي كوردســـتانی‌و ســـەرمایەداری جیـــهانی، بەراپەرین‌و سات‌و سەودا لەگەل رژیم، ئاوارە كردنی خەلك .

ئەوسا دەلی بەئازادی هەناسەدان، كامە ئازادی ؟

ئایا دەزگاكانی سەركوت دانەمەزرانەوە، ئایا زیندان‌و تـــیروری هەرەشـــەو سانســـور ســـەری هەلنەدایەوە، ئایا شەرو راونان نەخشە نەكیشرایەوە، بەیەك ووشە ئایا چی گورا لـــە واقیعـــەتی ژیانی ئەو هەژارانەی بوونە سووتەمەنی راپەرین .

جاریكی‌تر لەزمانی نەنكەوە دەلی:

(ئەو سوالكەرە كولبەكولانەی، نیوەشەوان سوالی نانیكیـــــان لی دەكردیـــن، ئیســـتا لەهـــەرە پارەدارەكانی شار دەولەمەندترن! ..وای! وای چون ..)

وەك هەمووان دەزانین نووسەر خوی یەكیك بووە لەو پیشمەرگانەی كون‌و، ئەو واقیعەتـــەی دیووە، كە لەناو پیشمەرگەشدا گیرفان بەتال‌و ئەسپی خواردو زوربەبوون، قەل خـــورو شـــال لەبەرو ئەدكولوندار دیاربوون. تەنانەت قایش‌و قروشی چەكدارەكانیشی یەكجور نەبوون. هەر بەهەمان شیوەش هەر قەل خورو شال لەبەربوونە خاوەنی كوشك‌و تەلار. ئایا جی‌ی خوی نەبوو لەزمانی پیرە بەئەزموونەكانەوە بەمنالانی زك گوشراو بووتری لەم بزووتنەوەدا هەژاران بوونـــــە سوتەمەنی تا سەركردەو پارەدارە وورگ شورەكان قەلەوتر بن.

نووسەر چاو ترسینمان دەكات، بو ئەوەی جاریكی‌تر بیر لەراپەرین نەكەینەوەو كـــەف‌وكولی بیزاریمان‌دامركینیتەوە، تاوەكو بورجوازی كورد لەشیرینی خەو دانەچلەكین.

نووسەر نازانی چون پەرەی كونی ناسیونالیزم لەم قوورولیتەدا دەركیشی‌و، راپەرینش بكاتـــــە ئەژدیهای هەزارسەر. مەگەر راپەرین خەلكی كردە دەروزەكەر یان ئابلوقەی ئـــابوری نـــەزمی نوی ؟!!

(هاویكانی ئیرەت نا، دوستەكانی هەندەران، مانگانە مەسرەفی خویندن‌و گوزەرانمان

دەکیشن! )

بەلام نووسەر ئەوەی لەبیر نەچووە، کەرولی سوپەرمانیو ئەرنولدی بداتە روشنبیرانی خـــەیال بافی کورد ـــخویان واتەنی ـــ لە(هەندەران، تاراوگە!) بکاتە ریگا چـــارەو بـــو مەینەتـــەکانو، غیرەتی کەسانیتری خیرخواز بجولینی. هەروەك ئیسلام زەکاتو سەرفیترە دەکاتە ئەلتـــەرناتیف بو بنەبرکردنی برسی‌یەتیو نایەکسانی.

ئەم جارە نووسەر لەزمانی دایکەوە پیمان دەلی:

(ئەگەر جەنگ نەمینی، ژیانمان وەك جاران سەوز دەبیتەوە هەر جەنگ نەبی جەنگ !)

تو بلی ئەوەی کەنووسەر لە ئەوروپا بووە، بویە سالی ١٩٩١ ـــ١٩٩٢ ـــ ١٩٩٣ لەبـــەر چاو نەگرتووەو، گەر خوینەری ئەم داستانە خەلکی کوردستانی عیراق نەبیت. ئـــەوا هـــەموو بەدبەختی‌یەکان دەگریتەوە بو جەنگ، هوکاری سەروەری چینایەتیو رولی نـــەزمی نـــوی لـــە تاوانەکاندا لەبەرچاوناگری. خو سالی ١٩٩١. ١٩٩٢. ١٩٩٣ جەنگ نەبوو، بـــەلام ئایـــا خەلك هەر دەروزەکەرو نەبوون بوون؟! خو ئیبراهیم خەلیل ئاشتیانە دابەش دەکراو، برایانـــە کارگەی قیرو ئاوی تەماتەو بەندی بەخمە فروشران خو هیچ کات بەقەد کاتی راپەرین بەرەی کوردستانی تەبا نەبوو، کە هیرشـــیان کـــردە ســـەر بزووتنـــەوە جـــەماوەری شـــوراکان.!!

نووسەر وەك هەر روشنبیریکی خوردە بورژوا، ئالای ئاشتیو برایەتی حزبەکان بەرز دەکاتـەوەو پیمان دەلی: بەس جەنگ نەبی، با (٨)سالیتر ئابلوقەی ئابوری بیت. بەس جەنگ مەکەن، ئیمـــە بەرد بەزگی خومانەوە دەبەستین، تابرسیمان نەبیت. یان باشترین حالەتدا دەلی: خوتان بـــگرن، گەر دەولەتی مەوعودی کوردی دامەزرا ژیانی هەژارانیش دابین دەکریت.

نووسەر دونیای پیش جەنگی لی بووەتە سەوزەلانی بەهارو پیمان دەلی: ئاور لەدواوە بدەنەوە، قەد بیر لەبەرەو پیش چوون نەکەنەوە، بقەیە!

ئایا ئەمە پەیامی نووسەری رەخنەگرە یان پەیامی دلرەنجاویو، ووردە گلەیی لەدەست روژگارو سەوزکردنی تووی خوشباوەری بەگەرانەوەی روژانو دەستهەلگرتنی سەروەران لەســـەروەریو مشەخوران لە مژینی خوینمان گەر ئاشتی بەرقەرار بیت، کامە ئاشتیو لەکیوە بوکی؟

پاژیی هونـــــــــــــــــــــــــــــــــــــەری ژیلەمو

## سەرنجو پێشنیاری خوێنەران

ئیران: عەبدولا مەحمودی

دەستەی نووسەرانی زیلەمو ریزوسلاوم هەیە بوتان : هیوادارم سەرکەوتوو بن لەوەیبوتان دەخوازم نەلەوەی کەهەن. روخسەت بدەن بەجیی دەستەی نووسەران،زیلەمو بکەمە لایەنی قسە واتە"مخاطب . کفتوکو " زیلەموی بەریز، منی دوور لەتو، بەلام هاوزمانی تو،وە دانیشتوو لەم جیکەیەی کە توی بەریز زەکت لی خواردووەو فرجکت لی کرتووە، ئەمەوی نەختیک وردە کلەیت بی بیزم .

ئەمەوی بلیم، توی خوشەویستو ئەمسالی تو بو کە روویان کردە ئەو ولاتە قز زەردو جاوشین نەخشینە، منی رەنک زەرد هەلکەراوی دەستی ستەمی میللیو نەزادیو قوربانی زینوسایدتان لەبیر ئەجیتەوەو،جوری ئەروانن کەخومالی نییە، دەردم دەردتان نییەو. من سر لیی داوم توش زەردە جیوە بو منی جارەرەش بەدەرمان ئەزانی. من کوشتەی دەستی ناسیونالیزمی ئیفراتتیو بانتورکیسمو بانی فارسیو عەرەبانم،توی خوشەویست باسی شتی سوورم بو ئەکەی. ئەمە وەک بەیتەکەی مام جەلالی لی هاتکەو "جابیزن جون، ئابو جەلال زەمانی دەسەلاتی خەزوورە خوشەویستەکەی لەبەکرەجو، قسەی خوشی ئەوتوی ئەکردوو عەرەب بە(بارکین)واتە ئەسب بولای ئیمە هاوردکە، من بە (کەر)واتە کویدریز بویان رەوانە ئەکەمەوە" ئەمە دەقی قسەی تامخوشی ئابو جەلالە. کەئیستا خوت ئەزانی دەکەل کوری جینیرالە سوورەکەی بارزان منالی کوردیان لەناو بردکەو کوردستانیان کردوتە مووزەی شەر. بوونە

مورەی دامەو شەترەنج کە هەردەم بەدەم بای بون خوشی دولارو تمەن و لیرەوە بو ئەملاو ئەولا تل ئەخون .

بەسەرهاتی "کاکە ئەحمەو بیاوی خاسە،ئەشەومیبلا، ئەشەومیبلا " رەنکە بزانی، هەمان موفتی زادەی ....کەئەیویست ببیتە سەلاحەدینی تری کورد، کوردستان رزکار بکاو خوشکوبرای ئەلجەزاییریش کومەک بکاو لەزیر باری ستەمی ئیستعمار رزکاریان کا.

بەلام لای ئەو قەیجیە مەلا حەسەنیو مەلا جەلادی بەناوبانک "خەلخالی" زن و بیاوو منالوبیر لە نەغەدە سەر ببرن لەحالیکا دەست بەقورئان بەرەو بیری ئەوان ئەجوون .

زیلەمو کیان: جەلال، مەسعوود، مەلا ئەحمەو، کاکە عەبەی کومەلەو مەلا عەبلای حەسەن زادە، هەریەکە جوری ئەروانی. یەکی ئەخوازی مارکس زندوو بکاتەوەو لەکوردستان، لەدوای شورشی کارکەری،سیستەمی کومون دامەزرینیو بەکوریسزەمین دابەش بکا. یەکی سەدری ئیسلام لەم کوردستانە . . . دامەزرینی،یەکیتر ئەخوازی دموکراسیو فرە ئیدەو ئیدئولوزی داسەبینی. جحیل ئەم کورسانەیان ئیحساساتی کردو شاخیان بیکرتو مالی بیرە جووتیاری کوردیان بە دوزمن سووتاندو، دایکی کوردیان جلک رەشو جەرک سووتاو کرد، بی ئەوەی شتیکیان دەستکەوی . تو ئەمە تەنیا لەسوور نەبوون ئەزانی، جاوەکانم، ئەز قوربان، هەرئەندە لیم دووری، بەلام بەخوا وادلم بوت لی ئەدات و خوشم ئەوییی جونکە لەویش بەزمانی من تو قسە دەکەی. تو واز بینە لەم سوورو هەرجی رەنک بینە. خوت ئەزانی لەباری کالتەو کەب، زنی کوردی

بەناوبانکو قسەخوش، وینەی زورمان هەیە، وەک خەجەدوم .

خاتە سووری کە تو ناوت ناوە، هی ئیمە نیە، بروابکە سوورە ئیرتیجاعیەکەی تو ناوی هیلین‌و ماری‌و ئەم شتانەی دەکەل بووکە .

نە خاتەی جارەرەشی کورد. هەروەک عایشەو فاطمەکەی نەنکم بو ئیمە نائاشنایە. سوورەکەی ئەوانیش، بەرەو بوخجەی بیجاوەو تازە بیستومە لە موسکو مووزەیان بو داناوە. ئیمەی کوردو هەروەها خاتەی لی قەوماویش، تا جەندسال لەمەوبەر، بە ئەمسیون شیومان ئەکردو ئیستاش کەسابوون بەیا بووە، بەخودا توفیير بو رەنک دانانیین، مەبەستی ئیمە لەخاوین بوونەوە لەبیسایی‌و جلکەو بەس .

زیلەمو لەمن‌و منی لەتو زیلەمو( بوجی هەدەفە کە مان) ون کردووە، ئەکەر بو کوردتی‌دەکوشین، بو ئازادی، بو لەبان قسە نەکەین .

ئەکەرهونەری قسە ئەکەین، بویەباسی خەجەدوم نەکەین. بوی باسی رەنکی سوور، کە وەک جاوی شین لەمن نامویە، ئەکەین. زور کەس وەک فەرزانەی میزوو،٣٦ کتیبي نووسیوە بەلام، بایەخی نییە، خوت ئەزانی لەباری فەلسەفی‌و ئابووری، تەواوی ئەو شتانەی ئەو ئەی وت، بەبیجەوانە دەرجوون‌و جونکە، راستی ئەم شتانە بەداهاتوو سبیردراون، لەباری عیلمی بایەخیان نییەو ناتواندری بەمروق ئەم شتانە بسەلمیندری

.ئیتر بوجی منی لیقەوماو کە هەزارەها دەردو کرفتم هەیە، بەردی ئەو لە سنک بدەم‌و برش‌و بلاوی لەنیو نەتەوەمدا بیک بینم‌و بەکوتەی عەجەم "تفکیک قوا" بکەم. هەلبەت ئەوە ئیدەی منەو، منیش کوردی فکر دەکەمەوە، نەک بە ئیستالینی کەبەزور دای سەبینم .

پاژێی هونـــــــــــــــــــــــــــەری ژیلەمۆ

زیلەمو کیان داخم هەیە کە ناوەکەتو ناوەروکەکەت، بەکوتەی خوت هونەرییەو، کە هونەری بەستەزمانیش ئەتوانی جونت بیخوش بی، وای لیبخوری. بەلام ئەکەر هەرسوورت ئەروانی خوش بوو بەزمانی فەلسەفە یا ئابووری قسە بکەی کە منیش توانیبام لەسەر ئەم بناخەیە قسەت لەکەل بکەم، ئەی هونەرییە رەنک سوورەکە .

"جەند نەزەر لەبارەی کوقارەکە" جونیەتی کوقارەکە لەباری جابو وەرەق، جوری فکر کردنەوەو دەربرینی هەستی هونەری بیشک ناجورەو ناتەواو. ئەکەر تەنیا ناوەروکی کوقارەکە، واتە جوری فکر (ئیدئولوزی )دەنەزەردا بی، تەنیا دوستانی عەدالەتی مارکس مشتەری دەبن، بو ئەوانیش، بازار حالەتی ئینحساری هەیە، کەکوردی نووسین، لەوانەیە(مشتەری کەمدەکاتەوە)وەلەم بازارە، ئەبی نرخ لە سەریبی وەئەم هویەش، دیسان لەمشتەرییەکان کەمدەکاتەوە). واتە زوری (قیمەت) ئەوەلە کوقارەکەی ئیوەشدا، دیارە،( نرخیسیDM ) ئەم نرخە لەئیران دەکاتە (١٤٩٠تمەن)واتە جواربەرابەری نرخی نیوزویکو ئیکانمیست . کە خوتان ئەزانن. لەباری جابو کاغەز، ناوەروک، بەشیوەی دروست بەیوەندی کرتن دەکەل مشتەریو جەند هویتر .

عەرز تا ئاسمان لەکەل زیلەمو جیاوازیان هەیە. ئەم شتانەم، نەوت بوئەوەی دلساردبن، بەلکو، بوئەوەی بوو کەحیسابی کارتان لەدەستدا بی لە بازاری ئەوروبا خوتان باشترئەزانن. من ئەم کوقارەم بەجەند کەسیکیتر نیشاداوە (هەلبەت ئەهلی نەزەر). ئەم کوقارە، هەر بە ئەستیرەکەی سەری، جیا لەناوەروک، باری ئیدئولوزی هەیە، جبتان هەوی

چنەتان هەوی. شتیکی تازە کەبو یەکەم جار، دیتوومە لەم کوقارەدا، کە تیکەلاوی دەکەل هەچو نیە، هونەری درویە، کەمن بە بەشیخوم، بیم شتیکی جوان بوو، کەتائیستا، بایەخی بینەدراوە .

لەئیوەی بەریز (نووسەرانی زیلەمو) داواکارم کە، ئەکەر ئەتوانن هەلبەت جونکە دەستم ناکات بەم شتانەی کەئەیلیم (تکایە ناونیشانی ئەو کوقارانەی کەلەئەوروبا دەردەچن‌و لەدەستاندایە بوم رەوانە بکەن (کوقاریک کە بەزمانی کوردی دەربجی) ئەکەر سەربەلایەنی سیاسیش بی قەی ناکا .

لەدواییدا، کەلیک سوباسم هەیە کە کوقاری زمارە (٥ )تان بو ناردووم وەزەحمەتتان کیشاوە لەکوردی نووسینتان قەدر دەکرم‌وهیوای سەرکەوتن‌و بیشکەوتنم بوتان هەیە .

تاوی ١٩٩٩ مارسی ٣١ هە ٧٨ /خاکەلیوەی /١

<u>بریتانیا</u>: ریکخراوی بەریتانیای حیزبی کومونیستي کریکاري عیراق هاوریانی کوقاری‌زیلەمو باش سلاو سوباستان دەکەین بو کەیاندنی کوقارەکەتان بەدەستمان هیوای سەرکەوتنتان بو دەخوازین لە بردنە بیشی هونەرو ئەدەبی کریکاری‌و ئینسانیدا .

ئاسو کمال

لیبرسراوی ریکخراوی بەریتانیای حیزبی

کومونیسی‌کریکاری‌عیراق

18/04/99

**سویسرا: جمال کوشش**

**هاوریبیانم لەکوقاری "زیلەمو"**

بەسلاوی کەرمی هونەری کومونیستی، بەئومیدی ئەوەی "زیلەمو"، هەروا سەرکەویو لەبوارەکانی برەودانو بەرەستاندنی هونەری شورشکیرانەدا کاریکەری لیهاتوویی خوی دریزە بیبدا.

زمارە(٦)لەباری دەرهینانی هونەرییەوە زور هەنکاوی سەرکەوتووی ناوە . جالاکی بلاوبوونەوەی فراوانتر بووە، کەسانیکی بەدەوری خویدا کوکردوتەوە. ئەمەش لە باری کشتییەوە، بەهەق خەمخورییەکی جددی ئیوە دەنوینی. من لەو بارەوە یەکجار کەش بینم، واش تیناکەم بە هەلەدا جووبموروانینیکی سادەم بووبی. کەش بینییەکەم بە بلەیەک بو دەربەستی هەلسوراوی ئیوە، سەرنج دەدەم. من بە قەدەرایی توانای خوم، دیمە بشت ئەم بروزە هونەرییەتانەوەو دلنیاشم، ئایندە هی ئیمەیە، هی هونەریکە دز بە" ئەنانیەت "و لایەنکری " کومونە"و ئینسانی خوازە .

تیبینییەکی رەخنەکرانەم لاهەبیت هیندەیە،هەلەیجابو،یان قرتاندنی هەندی ووشە، وەسەربی بوونی هەندی لە بابەتەکانە، من لایەنکری باسی تیئوریکی قورسی هونەری نیم هەمیشە، بوونیشی بەکەلکە ناو بەناو.

وەدەست بیشکەری ئیوەش بەبیویست دەزانم بەتایبەت لەرینووسی کوردی بەشیوەی لاتینی، هەروەکهەندي لە کوقارەکانو لایەنەکان دەستیان بو بردووە کوقاري " دیدار، سروە، هانا . . . . ".وەنووسینی ناوی کوردی بیویستە، بەلام کورتەی ناوی مانکەکان بەئینکلیزیش بیویستە .

بە ئومیدی روزکاریک کە لە هونەرماندا دەبینوینین .

**هاوریتان جەمال کوشش**

**١٩٩٩-٠٣-١٥**

# خاتە سوور و حەمەتاڵ

حەمەتاڵ، دەلین NATO لەشەش هەفتەی یەکەمدا (٦،٤)ملیارد مارکی خەرجی شەری یوکوسلافیا کردووە ؟

حەمەتاڵ: دەستی خوی نیەو ماری بی دەکری !

خاتەسوور، بیستم هارلی کلینتون هەشت ملیونو بینجسەد هەزارمارک دەدات بەو کەسەی کەزیان نامەی بنوسیتەوە، هەر دەلیو دەزمیری ؟

خاتەسوور: بوچی نا تەنیا سوودی بومباکانی بومبارانی بەغداو بلگرادە !

حەمەتاڵ، دەلین موجەی سالانەی کلینتون (٣٦٢٠٠٠)مارک بووە بریارە بکریتە (٧٣٥٠٠٠)مارک سالانە؟

حەمەتاڵ: جا ئەوە چیە کەر من سیوسی سالو بینج مانکو سیهەفتەو جوار روزو یەککاتزمیرو هەشت خولەکو بەنجا جرکە کاربکەم ئەوا(٦٠)مارکم لەسالانەکەی بیل کلنتون زیاترە، هەلبەتە ئەکەر بیکار نەکریم !!

خاوین کردنەوەی زمان لەووشەی بیکانە مانای جیە؟ ئامەشیت

خاتەسوور: بمبورە کورم جەند سالە لەبەر ئابلوقەی نەزمی نوی دەمودانم بەمەعجون نەشتووە !

بلە خاتوون، بیستووتە کراسی بوکینی "دایانا" (٣٧٠٠٠٠)مارک نرخی بووە ؟ خلەدوم

خاتەسوور: ناوی خودای بینە کجم، روحە تەمەلو کارنەکەرەی لەبەهەشتدا

پاژێی هونەری ژیلەمۆ

دامەجلکینە،جا ئەوە جیە، لەوانەیە هی زنەکریکارانی جنینی بریتانی بە(٣٧٠)مارک بیت !!

حەمەتال،دەلین کوردەکانی تورکیا لەئالمان بەبی یاساى تورکیە بویان نیە، ناوی کوردی لەماڵەکانیان نبین ؟ عەلی وەلی

حەمەتال: ئەدی کو بابم، دیموکراسی نیە دیموکراسی !

خاتەسوور، کەر حەمەتال زن بینیت تو جی دەکەی؟

خاتەسوور: ماوەیەک لەکەللەی دابوو، هەر باس باسی کجە هاوسیکەمانی دەکرد. منیش بی سیو دوو لەدەستم ناو ووتم :

تو ها ئەکەی من هو ئەکەم
تو زن دینی من شوو دەکەم.

**پاشماوەی شاعیری گۆڕستان** . شیعر فروش خەو بەوەوە دەبینی جەللاد بە شیعری سەرسام بی، من خەو بەوەوە دەبینم شیعرم خەو لەچاوی جەللاد بتورینی .
منیش وەکوو ڤیکتور هیگو کە باسی خوم دەکەم، ئەوە مەبەستم باسکردنی ئیوەیە.
روژی جیگری سەروکی شاعیران بەرەحمان دەلی:
ـ ئەو رستانەی بەرگی دیوانە خنجیلانەکەت لە بەرهەمی خامە بەبرشتەکەت ناچن، دەگونجی لەبیرت چووبی ئاماژە بو سەرچاوەکانیان بکەی.
رەحمان کە لە وەخت و جیی خویدا بو قسەی گونجاو پەکی نەدەکەوت بەم بەرقە وەلامی بەردی ئەو پلارەی دایەوە:
ـ هاوریم ئەوە خوتی دزی لە نووسەران دەکەی، ئەوە نییە کە کتیبیان بو چاپدەکەی هەقەکەی لە دەزگای روشنبیری و لە خویشیان دەستینی .
دوینی جیگری سەروکی شاعیران بە پەیامنیری مانگنامەی هەتاوی گیراوی گوت:ـ بریاری کاربرم داوە کە سکالای خوم بدەمە دادگا و دەشی لەسەر ئەو بوختانە مەزنە رەحمان دوو سال زیندانی بکری .
1999 . 05 02

# خشـــــتەك

تێبینـــــی: لەپرکردنـــــەوەی ئـــــەم خشتەکەدا هەموو بنەمایەکی ڕێزمانی کـوردی لەبـــەرچاو گـیراوون، بـــەپێی ڕێنووسی هـــەڵبژێردراوی ئـەم گۆڤارە تـــەنیا نیشـــانەی"ˇ"ی پیتـــەکانی (ڕ،ۆ،ێ)نـەبێت، کـە بەشـــێوەی(ر،و،ی) نووسراون.

## ئاسۆیی ☞

١ – نووسەرێکی ڕووسی زیـاوی ســـــــەدەی نـــــــوزدە، نووســـەری"کەشـــتیك بـــو ئەرزەروم.

٢-خۆماڵی – خەبەر.

٣-لیواو لیو -جیکەبەنداو .

٤- مینای سەربراو!

٥-زمارەیـــــەك -کری ئـــاکری بەتەوزم

-کولاو.

٧- شـــاعیری کومونیســـــــتو شورشکیری ئیرانی کـــەرزیمـی بادشایی کولڵە بارانی کرد.

٨-کزیر - مامری سەربراو ! – نەرمەی کوی .

٩-بـەرکی دراو- نەبـەکە-ریــوی کلك براو ! - قەوما.


١٠- ( هولند)ی تیکدراو.

١١-سەیرکردن بەکوشەی جاو- باش.

١٢- هەردەم لەسەرهەوایەك - بادە.

١٣- ناویکی بیاوانە(بیجەوانە) - خوری بە تەشی بادراو.

١٥- سەروك شالیاری بیشووی ئیتالیا.




خشتەکی ژمارە (٢)

## ستوونی

١- شیوی کەنمەکوتاو رونی بەسەردا دەکری.
٢- بی بەهرە- نیرە- ئاری سەربراو!
٣- ئامیریکی موزیکی.
٤- دوندی جیا- سوکەناوی رەمەزان - دەنکدانی کسوك کەبیدەنك بیت(بیجەوانە).
٥- رەنکیك - ناوزران .
٦- دایك بەعەرەبیو رینووسی عەرەبی.
٧- سواق - هاوکار.
٨- دیدەنی - بزری.
٩- (رینالدو رونالدین)ی بی قرتاو!
١١- کەورەی هوز.
١٢- کون کون.
١٣- جیکەی جینەکردنی باللندەی مالی - بەستنی سەهول- مامر.
١٤- (خەید)ی شیواو - بیتی بانککردن.
١٥- سەروك کوماری رومانی کەخەلك لەسیدارەیاندا.

| ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـ | ه | ف | س | ا | ن | ه | ی | ئـ | ه | د | و | ن | ی | س | ١ |
| ی | ن | ا | ه | | | | ن | | ن | | | | | ر | ٢ |
| ك | | ز | ی | | ن | ه | ی | | و | | ئـ | گ | | ی | ٣ |
| س | | ی | د | | | | ل | | ل | | ی | ر | | ل | ٤ |
| ب | | ل | ا | و | س | | ف | | ی | | ر | ی | | ا | ٥ |
| ر | | | | | | | و | | س | | ن | ب | | ن | ٦ |
| س | ی | ب | م | و | ل | و | ك | ف | و | ت | س | ی | ر | ك | ٧ |
| ی | م | ر | و | | ب | و | ی | ر | ی | | ت | ا | ر | ا | ٨ |
| و | ر | ا | ز | | ا | ش | ی | و | س | | م | ر | | | ٩ |
| ن | ی | ز | ه | | ت | ا | ر | | ت | | ه | ف | | چ | ١٠ |
| ی | س | ا | م | | س | ل | د | ن | ا | | ن | | | | ١١ |
| ز | ر | | ب | | ت | ه | ی | | ی | | د | ا | ن | ا | ١٢ |
| م | م | | ی | | ن | م | ف | | ن | | ل | ا | | ن | ١٣ |
| | | | ق | ا | و | | | | ی | | | | | ا | ١٤ |
| ی | ه | ح | ی | ا | ك | و | ر | ی | ئـ | ه | ك | ث | ه | م | ١٥ |

پڕکراوەی خشتەکی ژمارە (١)

خوینەرانی هیژا: تکایە! کوپی پرکراوەی خشتەکەکەمان بو بەرێ بکەن، لەگەڵ ناونیشانی خوتان، تاوەکو دیاری گوڤارەکەتان بو بەری بکەین، کە چوار ژمارەی ژیلەمو دەبیت، بو براوەکان.